گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئافرەت و تەکسی
# تێڕوانینی ئافرەتان بەرامبەر شۆفێری تەکسی و ڕەفتاری شۆفێران

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر. موراد حکیم محمد**
بەشی کۆمەڵناسی/ زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر
muradhakeem@gmail.com
**ئەڤین عبدالرحمن نورالدین**
قوتابی ماستەر /لە بەشی کۆمەڵناسی/ زانکۆی سەلاحەدین
Avinabdulrahman89@gmail.com

## زانیاری توێژینەوەکە

وەرگرتن : ٢٠١٩/٩/٢٥
پەسەند کردن : ٢٠١٩/١٠/٢٧
بڵاوکردنەوە: پایزی ٢٠١٩
Doi : 10.25212/lfu.qzj.4.4.10

وشە سەرەکییەکان:
***the society***
***Obstacles***
***Women***
***Transportation***
***Violence***

## پوختە

لە هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی لەشاری هەولێر کۆمەڵێك ئامرازی گواستنەوەی گشتی جیاواز هەن کەسەرنشینان دەتوانن سوودیان لێوەر بگرن، لێرەدا مەبەستمان لە ئامرازەکانی گواستنەوە لەم توێژینەویەدا ( تەکسی) ە وەك گواستنەوەی گشتی سەرنشینان وەبەتایبەت سەرنشینانی ئافرەت، ڕەوشی پەیوەندی نێوان ئافرەتانی سەرنشین و شۆفێرانی تەکسی بە شێوەیەکی تایبەت دەخرێتە ڕوو، هەر لەم بارەیەوە توێژینەوەکەمان لە ژێر ناونیشانی ئافرەت و تەکسی، تێڕوانینی ئافرەتان بەرامبەر بە شۆفێرانی تەکسی و ڕەفتاری شۆفێران )ە توێژینەوەیەکی زانستی مەیدانیە لەشاری هەولێر کەبەمەبەستی زانینین و ئاشنابوونی پەیوەندی نێوان سەرنشینانی ئافرەت و شۆفێرانی تەکسیە تاوەکو بزانرێت ئاخۆ دۆخی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان چۆنە؟

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە بریتییەلەخستنەڕووی دۆخی دیاردەکە یان کێشەکەتا بەرچاوڕۆشنی زیاتر هەبێت لە بارەی ڕاستەقینەیی دیاردەکەو هۆکارو پاڵنەرو کاریگەریەکانی، بۆیە هەوڵدراوە بەشێوازێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**زانستی وەسفی دیاردەکە بکرێت و لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت. ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە ئەو خالانە کالْتربکرێنەوە کە بوونەتە بەربەست و تەگەرە لەبەردەم ئافرەتان لەکاتی سەرنشینبوون لەنێو ئۆتۆمبێلی تەکسیدا،زیاتریش گرینگی بدرێت بە گواستنەوە گشتیەکان بۆ سەرکاروباری ڕۆژانە بۆ ئەوەی لەڕووی تەندروستیەوە زیانەکانی دووکەڵکێش کەمتربکرێنەوە لە کۆمەڵگاو ڕێژەی توندوتیژیش کەمتر بکرێتەوە. ئامانجێکی تری توێژینەوەکەمانئەوەیە توێژەران بەردەوامبنلە توێژینەوەکردن لەبارەی ئەو دیاردانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ئافرەتانەوە هەیە، بۆ ئەوەیوردترو باشتر کار لەسەر ئەم مەسەلانە بکرێت**

## پێشەکی:

کۆمەڵگای کوردی تا ئێستاش کۆمەڵگایەکە، هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی تێهزرینی کۆمەڵگای رۆژئاوایی هەر بۆیە لە سنوری کۆمەڵگایەکی داخراو دەرنەچووە،هەر کۆمەڵگایەکیش داخراو بێت، توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەتەکانی لە بەردەوامیدایە، ئەو بابەتەی ئێمەش رەنگدانەوەی سیستەمێکە لە کۆمەڵگایەکدا، کە هێشتا ئافرەت لە دوای پیاوەوە ئەژمار دەکرێت و، دەتوانین بڵێین بە پلە دوو دادەنرێ، چونکە پیاو گەورەی ماڵ و سەرداری ماڵە.

بابەتی هاتووچۆ رەنگە تا رادەیەکی زۆر رەنگدانەوەیەکی واقیعی بێت کە هەمیشە ئافرەت لەبەردەم رەشەبای پەلاماردان و زوڵم لێکردن و توندوتیژی و ناعەدالەتی بووبێتەوە. بەتایبەت کاتێك دەبینین ئافرەتەکانی ئەم هەرێمە،رۆژانە رووبەڕووی گرفتی هاتوچۆ گەیاندن دەبنەوە،چونکە هۆیەکانی هاتووچۆ بەپێی پێویست نین،لە هەموو کۆمەڵگایەکی دواکەوتووشدا، هۆیەکانی گواستنەوەو گەیاندن بەپێی پێویست نین و پڕن لە گرفت و کێشە. بۆیە لە دۆخێکی وەهادا، ئافرەتی کورد ناچار دەبێت رۆژانە بە تەکسی بۆ شوێنی مەبەستبڕوات . لێرەدا رەفتاری نالەباری شوفێران بەرامبەر ئافرەتان،هەندێکجار دەگاتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاستێك كە نیگەرانی دەروونی و ترس و شەرم و تا دەگاتە گوشاری دەروونی و تەنانەت لادانی كۆمەڵایەتی و خیانەتی هاوسەرگیری و خێزانیشی لێ دەكەوێتەوە. چونكە خێزان یەكەمین دەزگای كۆمەڵایەتییە كە منداڵی تێدا پەروەردە دەكرێت، بۆیە پێویستە گرنگییەكی زۆر بە جۆرو شێوازی ژیان و پەروەردەی خێزانەكان بدرێت. بە هەر تێكچوون و ئاڵۆزبوونێك، یان هەڵوەشاندنەوەیەكی خێزانی، ئەو دەزگا كۆمەڵایەتییە تا رادەیەكی زۆر پەكیدەكەوێت و نەوەیەكی شێواوی نا تەندروستت بۆ دێنێتە بەرهەم، كە تا رادەیەك دەبێتە ئەرك بەسەر كۆمەڵگاو نیشتمانەوە. كۆمەڵگای كوردی بەشێوەیەكی گشتی كۆمەڵگایەكی باوكسالاری نەریتییە، لە كۆمەڵگایەكی لەمجۆرەشدا، ئافرەت بەشێوەیەكی گشتی مافەكانی پێشێل دەكرێت و رووبەڕووی گوشاری دەروونی و ترس و نیگەرانی دەبێتەوە،چونكە ئافرەت كۆڵەگەیەكی سەرەكی ئەو كۆمەڵگایەیە كە بە كۆمەڵگایەكی داخراوو دواكەوتوو ناودەبردرێ. ئەمەش وای لە ئافرەت كردووە بە گشتی ژیانێكی سەخت و ئاڵۆز بەسەرببات.بۆیە لێكۆڵینەوەیەكی لەمجۆرەم بە پێویست زانی، تا بەشێوەیەكی زانستی بچینە نێو بنج و بنەوانی گرفتەكان و ئاسۆی چارەسەركردنیشیان بدۆزینەوە.

## چوارچێوەی میتۆدو خستنەڕووی زانیاریەكان :

هەرتوێژینەوەیەك كە لێتوێژەر ئەنجامی دەدات لەسەر بنەمای كۆمەڵێك رێوشوێنی تایبەت بەناونیشانی توێژینەوەكە و هەروەها پێویستی بەكارهێنانی ئامرازی توێژینەوە پێویستە لە بەر چاوبگرێت ( عمر،2004،ل89 ). سەرەڕای بوونی میتۆدۆلۆژیایەكی تایبەت تاوەكو لەم ڕوانگەیەوە بتوانرێت ڕێكاری توێژینەوەكە ئەنجام بگەیەنێت، وەلەڕاستیدا هیچ میتۆدێك لەسەدا سەد دەرخەری ڕاستی زانستی نەبووە و نابێ بەشێوەیەكی ڕەها( المطلق ) بەڵام ئەمەش بەمانای ئەوە نایەت كەلەكاتی ئەنجامدانی توێژینەوە متمانە بەهیچ میتۆدۆلۆژیایەك نەكرێت(hook way,2008,p101) هەروەها هیچ میتۆدێك بەتەنیاو وەهەمیشە دەست باڵا و زاڵ نیە، چونكە هەریەكەیان لایەنی بەهێزو لاوازی خۆی هەیە ، ئێستاش سەردەمی ئەوەیە كە توێژەرەكان ئەم ڕاستیە بەهەند وەربگرن (Denzin,1978,p47 )
.

لەم چواچێوەیەدا ئەوەی کە کاری لەسەر دەکەین توێژینەوەیکی چۆنایەتیە ( qualititative ) لەبارەی ( ئافرەت و تەکسی ، تێڕوانینی ئافرەتان بەرامبەر بە شۆفێرانی تەکسی و ڕەفتاری شۆفێران ) بەشێوەی فۆکس گروپ هەربۆیە وا پێویستی کردووە کە میتۆدی چۆنایەتی بۆ بەکاربهێنرێت تاوەکو لەم ڕوانگەیەوە ئەو ڕاستیە بخرێتەڕوو سەبارەت بەچۆنیەتی تێڕوانینی ئافرەتان بەرامبەر بەشۆفێرانی تەکسی وەچۆنیەتی ڕەفتار نواندی شۆفێران بەرامبەر بە ئافرەتانی سەرنیشین لە تەکسیەکاندا ،میتۆدی شیکردنەوەی تەورمان بەکارهێناوە کەدواتر توێژەر داتاکان پۆلێن دەکات بۆ ئەوەی کە ڕۆڵی بابەتی توێژینەوەکە دەربخات ، چونکە میتۆدی چۆنایەتی جەخت دەکاتە سەر چۆنیەتی بابەتەکان لەناو توێژینەوەکاندا ، وەخستنەڕوو شیکردنەوەیان بۆ دەکات بەشێوازێکی زانستی( iztok,2010,p78 ) .

جگە لەهەموو ئەمانەش توێژەر خۆی بەشداری لە دۆخی دیاردەکە کردووە سەرنج و تێبینیەکانی پێشکەش بە توێژینەوەکە کردووە بۆ ئەوەی زیاتر لە دۆخی دیاردەکە دڵنیابێت، بەپشت بەستن بەبەکارهێنانی بنەماکانی پارادایمی ڕوونکردنەوەیی ( Constructivist - interpretative paradigm ) بۆ ئەوەی کە لە دروستی و سروشتی دیاردەکە بکۆڵدرێتەوە کەلە ڕاستیدا ئەمەش دەوەستێتە سەر سروشتی ئەو پرسیارانەی کە توێژەر دەستنیشانی دەکات کە هۆکارە بۆ دەرخستنی ڕاستەقینەیی دۆخی دیاردەکە لە کۆمەڵگادا( عدس ،1999،ص101 ). هەلەم بارەیەوە باشترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە ڕاستەقینەیی و ئالۆزیەکانی هەر دیاردەیەك و بابەتێك گفتوگۆکردن و دانیشتی ڕووبەڕوانە ( face to face )ە، هەر لەم لایەنەوە کۆمەڵێك پرسیاری جۆراوجۆری وەك توندوتیژیت لەبەرامبەر کراوە لەناو تەکسیدا ؟ ژ جۆرە توندوتیژیەکە؟ یان شێوازی توندوتیژیەکە چۆن چۆنی بوو؟ تاچەند گەرەنتی ژیانت پارێزراوە لەکاتی سەرنیشین بوون ؟ چۆن ؟ متمانەت بەخۆت هەیە؟ خێزان ڕۆڵ دەبینێت لە بونیادنانی منداڵەکانت لە ڕووی پەروەردەو ڕەفتار نواندن ؟ چۆن ؟ هەژاری و کەمدەرامەتی هۆکارن بۆ ناچاری تاوەکو قبوڵ یان هاتووچۆیان لەگەڵ بکەیت ؟ تاچەند ئاین ڕۆڵی گێڕاوە لە کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتاری تاکەکان ؟ بۆئەوەی ڕێز لەیەکتری بگرن؟ تۆی ئافرەت لەیاسای کۆمەڵایەتی و کلتوری کۆمەڵگاکەت ڕازیت ؟ ئاستی هۆشیاری شۆفێرانی تەکسیی چۆنە؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەبۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟ ئاسایشی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی چۆنە لەکاتی هەر گرژییەك سەربارەت بە تۆی ئافرەت ..... هتد ، ئەمەو کۆمەڵێك رەهەندە پرسیاری تر کە برِگەکانی پرسیاری ئەم توێژینەوەیە پێکهێناوە وەهەر بۆ ئەم مەبەستەش میتۆدی شیکردنەوەی تەوەر ( theme Analyses ) بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت تیۆرێکی وەچنك بکەوێت و چاوپێکەوتنی تیادا بەکاربهێنرێت ( دی سویسری،1985،ص78). وە بەپشت بەستن بە سیستەمی گروپی واتا ( Focus group ) دانیشتنی نیمچە کراوە لەگەڵ کۆمەڵێك گروپی جیاوازی ئافرەتان کە ڕۆژانە بەهۆی ئۆتۆمبێلی تەکسیەوە هاتووچۆ دەکەن بۆ سەرکارەکانیان بێ یان هەر شوێنێکی تر .

لە ئەنجامی کۆبوونەوەی گروپ بە گرووپی ئافرەتان و تاوتوێکردنی بابەتی باسەکە کۆمەڵێك داتا دەستکەوتن کەلەم چوارچێوەیەوە دەتوانرێ تەوەرەکان دەستنیشان بکرێت کە بوونەتە ئاریشە لەبەردەم بەکارهێنانی تەکسی وەك ئامرازی گواستنەوەی گشتی لەلایەن ئافرەتانەوە کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

### 1. توندوتیژی

چەمکێکە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە جیهاندا بەتایبەت لە پاڵ ناوی ئافرەت بووندا ساڵانە رێکخراوە ناوخۆی و جیهانیەکان زۆرترین و تازەترین دروشم دژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەکاردەهێنن کەلە ڕاستیدا زۆرینەی دروشمەکان لەسەرتاسەری کوردستاندا تا ئێستا لە قۆناغی تیۆریدا جێماون و نەچوونە بواری پراکتیکی، توندوتیژی چەندین جۆرو شێوازی جیاجیای هەیە کە بەهەموو شێوەکانیەوە بووەتە فاکتەری ئاستەنگی دروستکردنی بەردەم ئارەزووەکانی ئافرەت یەکێك لە جۆرەکانی توندوتیژی کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەهەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە بریتییە لەو توندوتیژییەی کە بەشێك لە شۆفێرانی تەکسی بەرامبەر بە سەرنشینە ئافرەتەکان بەکاری دەهێنن،لەڕاستیدا توندوتیژی لەڕووی بنەماوە دەکرێتە دووبەش:

**یەکەم:**ئەوتوندتیژییەی کەلەدەروەی پەیوەندییە خێزانیەکان ئەنجام دەدرێت ،دووەمیش ئەو توندوتیژییەی کەلەناو خێزاندا ئەنجام دەدرێت کە کەمتر باسی لێوە دەکرێت( عبدالله،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2007،ل 34 ) زۆرێك لە تاكەكانی كۆمەڵگا لێی بێ ئاگان، بەڵام لە ڕێگای توێژینەوەیەكی زانستی ئەم باسانە خراوەتە ڕوو ، بەشێكی زۆر لەو ئافرەتانەی كە ئەندامی توێژینەوەكە بوون جۆرەها توندوتیژیان لە بەرامبەردا كراوە لەڕێگای شوفێرانی تەكسی كەلەپاڵ سەرنشین بوونی هەر ئافرەتێك لەناو تەكسیەك دا لێچاوەڕاونی و لێكەوتەیەك جێ ماوە كە ئەگەر هەر جۆرێك بێت لە جۆرەكانی توندتیژی كە لە بەرامبەریدا ئەنجام دراوە ،كەلەڕاستیدا ئامانجی ڕادیكاڵی فیمینیزم لە گۆنانی سیستەمی باوك سالاری و توندوتیژییە لەهەموو شوێنك وە هێنانە كایەی یەكسانیە لەنێوان نێرو مێ دا نەك زاڵبوونی پیاو بەسەر ئافرەتدا و چەوساندنەوەی ( جەلال،2008،ل56 ).

لەسەرەتادا بابەتی توندوتیژی و شۆفێری تەكسی لە قۆناغی حاڵەت دابوو، بەڵام بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دوایی دا بووەتە دیاردەو بەشێكی زۆری ئافرەتانی شاری هەولێر ڕوبەڕووی هەر جۆرێك لە جۆرەكانی توندوتیژی بێت بوونەتەوە لەم بارەیەوە ئافرەتێك بەم شێوەیە بۆمان دوا:

من ناوم ( د . هـ ) تەمەنم 35 ساڵە دەرچووی بەشی بازرگانیم فەرمانبەرم لە ( پ )پێشتر خاوەنی ئۆتۆمبێلی خۆم بووم بەڵام كە ئەم قەیرانەی بەسەرداهات لەساڵی 2014 من ئۆتۆمبێلی تایبەتم فرۆشت لەبەر ئەوەی كرێچین بژێوی ژیانمان سەخت بوو ، ئێستا ناچارم بەتەكسی هاتووچۆ دەكەم و تا ئێستاش یەك دووجار تووشی كێشە و دەمەقاڵی بوومە لەگەڵ شۆفێری تەكسی هەربۆ نموونە، جارێكیان من مامەلەم كردبوو بەسێ هەزارو نیو من بهێنێتەوە ماڵەوە ناونیشان و شتم بەتەواوی پێ داو گووتی زۆر چاكە بابڕۆین نزیك بووینەوە گوتی خوشكە ئەم گەڕەكە زۆر دوورەو تۆ زۆر سوڕانت بەمن كردووە من لە پێنج هەزار

كەمترم ناوێ ، ئی منیش گوتم كاكە خۆمن هەمان ئەو شوێنەم پێت گوتبوو كابرا هەر گوتی وانیە و نازانم چی و چی گوتی بەخوا لێرە نارۆم تا پیاوەكەت بانگ نەكەی ناچار بانگم كرد كردیانە پرتەوبۆڵەیەك لەبەر دەرگا دراوسێكانمان هاتنە دەرەوە یەكێك لە پیاوەكانی دراوسێمان گوتی ئەم هەرایەی بۆ چیە ها من دە هەزارت دەدەمێ برۆ دەی نەوەستی شەرم ناكەی لەگەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئافرەت لە سەیارە شەڕتە ئینجا بووە شەڕ لە نێوان ئەوو سایەقی تەکسیەکە هەرچۆنێك بێ پارەمان زیاتر پێداو رۆیشت .

لە قسەکانی ( د . هـ ) دەردەکەوێ کە چەمکی توندوتیژی هێندە بەرتەسك نیە کە تەنها خۆی ببینێتەوە لە جۆرەکانی توندتیژی سێکیی – دەروونی – خێزانی ..... هتد بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانکاری لە سیتەمی ژیانی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێ لە رۆژ دوای رۆژ جۆرەکانی توندوتیژی روویان لە زیاد بوونی زۆرتر دایە و ئامانجی ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ئەمانەن: ( پاراستنی یاسایی – خۆپاراستن – پاراستنی ژنان – چاودیری کردنی ژنان )

( باجەلانی،2012،ل34 ).هەر لەم بارەیەشەوە توندوتیژی ئابووری جۆرێکە لەم جۆرانەی کە رۆژانە بە نموونەی زیندوو لەهەر کونج و کەلەبەرێکی ژیاندا بەرامبەر بە ئافرەت ئەنجام دەدرێت، کە ئەمەش ئەو پەڕی لاوازی و بێ هیوایی دروست دەکات بەرامبەر بە مێینە بوون لە کۆمەڵگای کوردیدا .

هەروەها ئافرەتێکی تر ووتی ناوم (ن . م ) چالاکوانی بواری ئافرەتانم لەتەمەنی 17 ساڵیەوە هاتووچۆم بە تەکسی کردووە ئێستاش 23 ساڵم بە حکومی ئەوەی ئەوکات قوتابی دواناوەندی بووم ماڵێشمان لە قوتابخانە کەمێك دووربوو ئەوەی ڕاستی بێ زۆر خۆشە کەلە سەر بابەتێکی ئاواوە قسە دەکەم کە خۆم زۆرترین مەینەتی و دەردەسەریم دیوە لە دەستی شۆفێرانی تەکسی بە ڕاستی ئەگەر باری دارایمان باش بوایە هەر زوو لەماڵەوە ئۆتۆمبێلێکی تایبەتمان بۆ دەکری ، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش کە قۆناغی چوارم لە زانکۆ و چالاکوانم رۆژانە بە تەکسی هاتووچۆ دەکەم خۆشم وا ڕاهاتووم کەمێك گرنگی بە روخسارم و جل و بەرگم دەدەم، دەمەوێ بەسەر هاتێکتان بۆ بگێرمەوە کە ئەوکات قۆناغی دووەم بووم لە زانکۆ کەتەمەنم ئەوکات ساڵان بوو بە مەدحی خۆم نالێم بەڵام یەکێك بووم لە قوتابییە بەرچاوەکانی زانکۆکەم، بەدەم پێکەنینەوە ئەم قسەیەی کرد ( ن . م ) رۆژێك محازەرەمان نەکرد هی کۆتایی بۆیە گوتم با ئەمرۆ کەمێك زوو برمەوە بۆ رۆژی پاشتر لە زانکۆ ئاهەنگێکمان هەبوو بۆیە تەکسیەکم ڕاگرت گووتم تا گەڕەکی ( ك ) بمبە گووتی 3 هەزار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گووتم باشە بابرۆین برام نزیك 2 خولەك رۆیشت گوتی تەلەبەی کولیەی گوتم بەڵێ برام گوتی باشە مەرحەلە چەندی ؟ گووتم دوو ...... گوتیئەگەر تەکسیەکی دیاریکراو نیە هاتووچۆت پێ بکات من ئامادەم منیش گووتم باشە کە گەیشتینە لای ماڵی ئێمە لەگەڵ کاکم قسە بکە گوتی باشە و هیچی تر قسەی نەکرد تا گەیشتینە ماڵی ئێمە گووتم بوەستە براکەم بانگ دەکەم گووتی باشە براکەمم لە ژوورەوە تێگەیاند گوتی ئێ زۆر چاکە با بیبینم بزانم بە چەند هاتووچۆت پێ دەکات هاتوو قسەیان کرد لەگەڵ یەکتری رێك کەوتن رۆژێك پاش تر وەك ووتم ئاهەنگی زانکرم بوو هاتە دوام و منیش سوتفەی کرد لە پشتیکوشینەکەی ئەو دانیشتم عەزیەکی کورتم لەبەربوو هەر دەستی بۆ دواوە دەهێنا بە ئەنقەست بۆ ئەوەی بەقاچی منی دابهێنی منیش گوتم خێرە گوتی سەنەویم کەوتۆتە ئێرەوە گووتم ئێ باشە بامن بیمە خوارەوە بە ئیسرحات بگەرێ گووتی ئاخر لەبەر مروور نەوەك داوا بکاتپاشان گەیشتینە پێش زانکۆ گووتی دەتوانم بێمە ئاهەنگەکە گووتم نەخێر گووتی ئاخر ئەگەر نەیەمە ئاهەنگەکە خۆم ئەزانم چی بەبراکەت ئەڵێم بوختانت پێ دەکەم گووتم وەرە مادام ترسام بەراستی جا گووتی لای برادەرەکانت بڵێ مارەکراوم لەم کورە منیش هیچم نەدەگووت ئەویش خستە دەستمەوە گووتی هاورێیانی ( ن . م ) من ( ن . م ) مارە برکرد دوێنێ شەو لەبەر ئەوەی چەندین ساڵ بوو یەکترمان خۆش ئەویست منیش گووتم درۆ دەکات وانیە ئیتر بەڕاکە ڕاکە تەکسیەکی ترم گرت چوومەوە ماڵەوە ئەو بەدوامدا هات بەبراکەمی وت بزانە خوشکەکەت چۆنە هەر رۆژەو لەگەڵ تەکسیەك دەیەوێ بێتەوە من هەر لێ پاڕامەوە گوتم وەرەوە من دەتبەمەوە برات تۆی ئامانەتی من کردووە ئەو ڕایکرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم پیاوە بێتەوە نازانم چی لەگەڵی هەیە ، منیش لەبەر گریان و دڵتەنگی خۆم هیچم پێ نەگوترا ڕامکردە ژوورەوە براکەم هاتوو ئەوەندە بەشەق لێ دام گووتی بابێ بچیتەوە زانکۆ لەشەرمان خۆم نزیکەی 7 رۆژ غائب بووم نەچوومەوە زانکۆ دەم و چاوم مۆر ببوو هەرای ئەم سایەق تەکسیەش لە کولیە دەنگی دابوو هەموو بەچاوی بچووك سەیریان دەکردم هەرچۆنێك بێت زۆر سەخت بوو بۆم بەڵام دایکم زۆر هانی دام وازنەهێنم لە خوێندنەکە و زانکۆم ئێستاش قۆناغی کۆتایی زانکۆم .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە قسەکانی ( ن . م ) دەردەکەوێ کە لەسەرەتادا ئەم شۆفێرە خۆی بە کەسێکی زۆرباش و ڕێك و پێك و بە ڕەوشت پیشانداوە لە پێناوی ئەوەی کە قۆرغی ئەو ئافرەتە بکات بەهەر جۆرێك بێت، چونکە ئافرەتەکەش شوفێری تایبەتی خۆی نەبووە ، بۆیە لەبەربوونی ئەو بۆشاییە ویستوویەتی هەرچۆنێك بێت تەکسیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت تاوەکو هاتووچۆی پێبکات، ئافرەتەکە نەیزانیوە لەپاڵ ئەو هەموو نمایش و خۆدەرخستنە باشەی کابرای شۆفێرەوە چ ئامانجێك هەیە ، بەڕاستی شۆکێکی گەورەی لە ژیانی ئەم ئافرەتە داماوە دروست کردووە هەم لە بەرامبەر هاوڕێیانی زانکۆ هەم براکەی و خێزانەکەی ئەو متمانە و کەسایەتیەی کە پێشتر هەیبوو لە کەداری کردووە ئەگەر هێز وپاڵپشتی ئافرەتێکی تر نەبوایە کە دایکی ( ن . م )ە ئەم ئافرەتە سەرەنجام تووشی کێشەی زۆر دەبۆەوە لە زانکۆ دادەبڕاو ڕەنگە تووشی هەڵوێستی ناخۆشتریش ببایەوە، بەڵام زۆر گرنگە ئافرەت ڕێپیشاندەروپاڵپشت بێت بۆ ئافرەتێکی تر وەك ئەوەی دایکی ( ن . م ) دووبارە ڕەنگاڵەی ژیانی پیشانی دایەوە بە دەربڕینی پاڵپشتی و دڵسۆزی، هەربۆیە زەوتکردنی ئازادی ژنان و کچان تەنها نەوەستاوەتەوە سەرکەسانی یەکەمی بنەماڵە لە کۆمەڵگای کوردیدا وەك ( دایك و باوك و برا و هاوسەر، بەڵکو مام و خاڵ و ئامۆزا....هتد بەرپرسن لە ئافرەتەکەو بۆیان هەیە توندوتیژی بنوێنن لەبەرامبەریدا ( قەرەداخی،2009،ل194 ).

هەر لەم باریەوە ئافرەتێکی تر بەم شێوەیە قسەی بۆمان کرد:

من ناوم (ز . ص ) قوتابی زانکۆم تەمەن 24 ساڵە لەوانەیە لە هەفتەیەکدا ( 3-4 ) جار بەتەکسی هتووچۆ بکەم، ئەرێ وەڵا زۆر سەیری ئافرەت دەکەن لە ئاوینەی زۆر جار لەخۆم بێزار دەبم ئەوەش توندوتیژیە زۆر ناخۆشە بۆم لە ڕووی نەفسیەوە بەڵام چی بکەم خۆ کەسیان لە کەسیان باشترنیە ، ئەگەر ژن ناچار نەبێ هەر بەتەکسی هاتووژۆنەکات بەخوای هیچ جێ سیقەی نین ئەو سایەق تەکسیانە، زۆر جار بەمنیان گووتوە پارە مەدە با عایدی من بێ یان لۆتۆ لە خزمەتین یان گوتویانە دەتوانی ژمارەی تەلەفۆنی خۆتم بدەیتێ زۆر جوانی معجیبت بووم ، خۆ من شووشم نەکردووە بە ئەنقەست دەڵێم برام مندالم هەیەو پیاوەکەشم دڵی پیسە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوجا دەڵێ قابیلە چیە کاتەکی وەها لۆت دەکەم ئەو لەماڵ نەبێ یان نوکەکم لۆ لێدە من بۆتی دەکەمەوە.

هەروەها ئافرەتێکیتریش بەم شێوەیە بۆمان دواو ووتی :

ئەمن ناوم ( د . ف )کولیەی تەقەنیم تەواو کردییە تەمەنیشم 36 ساڵە زۆر بە تەکسی هاتووچۆی دەکەم گەلەك ناخۆشە بەس چ بکەم خۆ لەبەر خاتر سایەق تەکسیان واز لە ئیش نایەنم، بەخوای بە بیرم دێتەوە مەرعەلەی دووی کولیەی بووم کچەکی برادەرم ڕۆژەکی دری گەلەك توند بوو ئەمنیش عەنتیکەم پێ هات، چونکە قەت ئەوهام نەدیت بوو گوتم ( ل .م )بۆ ئەورۆ ئەوها درت توندە ؟ هیچی نەگۆت ئەمنیش چم نەگۆت دیتم لەناو نادی لە پڕەکی دەستی بەگریانەکی کرد هۆڕ هۆڕ دەگریا وەڵا لێم پرسی گوتم تخوا لۆچ دەگریێ خۆ چ نەبووە، گۆتی چت لۆ بگێرمەوە وەڵا خوشکەکی سقەتم هەیە تەمەنم 26 ساڵە مێشکی تەواو نیە داکم بە هەموو دەمێ دەرکەی کۆرانێی کردبووە هەتا سەر 60 مەتری بە پێیان چووبوو لەوێ وە سایەقی تەکسیەکی ( هەری دەگری ) تەلەفۆن لۆ سایەقی دی برادەریشی دەکا هەتا پشت سەیتەرەی دەیبەن هەرچی ئیشی خراپە لەگەڵی دەکەن دەستدرێژی دەکەنە سەری، داکیشم جێ نەما لەدووی نەگەڕێ دەچێتە ئاسایش شکات دەکاتن لە ڕێ کامێراو ئاسایش دەیبینەوە کراسی هەمووی بوویتە خین دەستدرێژیان کردبووە سەری داکم وەخت بوو جەڵتە لێی بدات کە چاو پێکەوت، زۆر درم توندە زۆر خەفەتی دەخۆم بەس چ بکەم چم پێ ناکرێ خوا عەقی مەی لێ بستێنێ یارەبی خوایە، ئەمنیش گەلەك خەفەتم خوارد زۆر دڵی ( م . ل )م داوە گۆتم قسمەتەکە ئەوها هاتیە تازە خەفەتی مەخۆ بەس بەخوای لەو ووڵاتەی نەحکومەت هەیە لە عەقی ژنان نەمرۆڤایەتی هیچ شتەك نیە ......

بۆمان دەردەکەوێ بە گوێرەی ووتەکانی هەر یەکێك لە ( ز. ص )و ( د . ف ) کەوا ڕۆژانە توندوتیژی دژی ئافرەتان بوونی هەیە و یان دەکرێ بڵێین ئەنجام دەدرێت هەرجۆرێك بێت لە جۆرەکانی کە بێگومان گاریگەری نەرێنی زۆر دوای خۆی جێدەهێڵێت کە هۆکارە بۆ لاوازی ئاستی هیواو متمانە بەخۆبوون لە ئافرەتاندا، ئەوەی جێگای سەرنجی زیاترە چیرۆکەکانی هەریەکێك لەم دووخانمە دەرخەری هەبوونی توندوتیژی زۆرن، بەڵام بە شێوازی جیاجیاو

ئامانجی جیاوە،هەر لەم بارەیەوە ( جۆن استیوارت مل ) لەپەرتووکەکەیدا بەناوی ( بەکۆیلە کردنی ئافرەت) دەڵێت هۆکاری باوردۆخی نالەباری و توندوتیژی ئێستای ئافرەتان بۆجۆری کۆمەڵگای ئەوسا دەگەڕێتەوە (قەرەداخی ،2009،ل45). هەربۆیە ڕەنگە سەرەنجامی ئەم جۆری توندوتیژیانەی کەلە بەرامبەر هەریەکێك لە ئافرەتانی کۆمەڵگای کوردی دەکرێت و بەتایبەت کە نموونەی لێکۆڵینەوەکان بۆ سەر کارەکان و هەرشوێنێك کە ئافرەت مەبەستی بێ ناتوانێ بو پەڕی متمانەوە بۆی بچێت وەك دەبینین خواستی هەریەکێك لەو ئافرەتانەی کە بەڕێژەیەکی زۆر توندوتیژیان لەبەرامبەردا کراوە هەبوونی ئۆتۆمبێلێکی تایبەتە بۆ خودی ئەوان تاوەکو لەو کێشمەکێش و ستەمە دەربازیان بێت، کە ڕەنگە بەلای ئەو ئافرەتانەوە ئەمە چارەسەرە بۆ ئەوەی ئاستی توندوتیژی چارەسەربێت، هەرچەندە بابەتی توندوتیژی بابەتێکی ڕێژەییە پەیوەندی بە بنبڕبوونی دیاردەکەوە نیە و لە هەموو کونجێکی دونیادا بەدی دەکرێت، بەڵام بەڕێژەی جیاجیاو لەسەر بابەتی جیاواز هەروەها وا دەردەکەوێ کە ئەو دوو ئافرەتە بە ترسێکی زۆر و بە نیگەرانیەوە بە تەکسی هاتووچۆ دەکەن، بەڵام ناچاریشن چونکە هیچ شتێکی تریان لەبەردەستدا نیە کە جێگرەوەی تەکسی بێت، دەوترێت پیاوان ئەرکی بەرێوەبەرایەتیەکانی توندوتیژی دژی ژنان دەگرنە ئەستۆ، کەئەمەش جۆرێکی ترە لە جۆرەکانی توندوتیژی!(بێرتراند ، 2013،ل94 ).

ئافرەتێکی تر بەم شێوەیە قسەی بۆ کردین :

ئەمن ناوم ( ڕ . ت ) تەمەنم 35 ساڵە سەفی چاری ئامادەی بووم وازم لە مەکتەب هێنا مێردم کرد،ئێستاش لەمەکتەبی ئەهلی کاتیبەمە سەیارەی خۆم نیە هەر بەتەکسی هاتووچۆ دەکەم بەس بەڕاستی ناخۆشە زۆر بە تەکسی هاتووچۆ بکەی ئەمن دەردم دیتیە بە دەستی سایقە تەکسیەکان ئۆف ئۆف وەڵا بەینی خۆمان بێت ( 2- 3 )جا هەر خەرەتایمە جووت بوومە لەگەڵ سایەقی زمان لوو گەلەك پەشیمانم هەناسەکی ساردی هەڵکێشا و ووتی زۆر بەپرسیارن زۆر حەنتیکەنە نەوحەکن کەس نازانێ کوونە بەخوای، ئەوجا ئەمن دەوامم سەحات 6 ئێوارێ تەواو دەبێ بڕەك تاریکە دونیا ئەمن گەلەك دەترسێم دڵم لەناو دەستم دادەبێ هەتا دەگەمەوە مارێ چونکە گەلەك بێ حەشرو نەشرن بەخۆم کە دەوامم تەواو دەبێ ژانەسەرەکی دەگرم

نەبیتەوە ئەوجا سایەق تەکسیش مەوزووحان دەکەنەوە هەر نابڕنەوەلاماریان خرانەبێ، نە ئاسایش و نە حار کێ بە کێیە وەڵا ڕۆژەك بشمان بەنە ئاقارەکیش کەس بەکەس نیە ئەمن چ سیقەم پێیان نیە ناوەڵا، بەس بەخوای هەقی وایە انونەك هەبێ چاو ترسێنیان بکاتن لەبەرامبەر ژنان چونکە ئەوەی حەزیان لێبێ و دەتوانن بکەن لەگەڵ ژنان زۆر جاو وویستوویانە دەستدرێژی بکەن سەرم خوا لەناویان ببات .

لە قسەکانی ( ڕ. ت )دەردەکەوێت کە ئەم خانمە لەتەمەنێکی بچووك شووی کردووە کەلە قۆناغی دواناوەندی دابووە،وازی لە خوێندن هێناوە چونکە هاوسەرگیری کردووە نەیتوانیوە موومارەسەی خوێندنەکەی خۆی بکات،هەروەها وەك خۆی ئاماژە دەکات چەندین جار تووشی هەڵخەڵەتاندن بۆتەوە بەدەستی شۆفێرانی تەکسیەوە تەنانەت ( 2- 3 )جاریش لەگەڵ یەکێك لە لەسایەقی تەکسیەکان بەرێکەوتنی سێکسی واتا ( جووت بوون ) ڕووی داوە لە نێوان ( ڕ. ت ) وەك خۆی دەڵێ بەزمان لووس و قسەی شیرین و دڵرفێن تەفرە دراوە هەڵخەنێراوە، چونکە خۆشی ئاستی خوێندن و هۆشیاریەکەی کەمێك سنوور دارە بۆیە ڕەنگە ئاسانتر بێلە ئافرەتێك کەبەچەندین پلەی زانستی و مەعریفە و خوێندن دا تێپەڕ بێت، چونکە لەڕاستیدا پەیوەندی هەیە بە ئاستی هۆشیاری و هەڵخەڵەتاندن بە شێوەیەکی بەرچاو هەرچەندە حاڵەتی حاڵەتی وەك ( ڕ. ت ) یەکەمین و کۆتایەمین حاڵەت نەبووە و نابێ، بەڵام دەکرێ کاری جدی لەسەر بابەتی زمان و لووسی و هەڵخەڵەتاندنی مێینە بکرێ، چونکە دەردەکەوێت کەوا ( ڕ. ت ) زۆر پەشیمانە بە ئەنجامدانی کارێکی لەم شێوەیە وەتەنانەت لەناو گرووپەکەشدا قسەی نەکرد بەڵکو لەسەر ( ئەی فۆر ) بۆی بەجێ هێشتم نوسیبووی زۆر متمانەم پێت هێنا بۆیەئەم قسەیەم کرد.

توێژەر ( زۆر جار کەباس لە بابەتی توندوتیژی دەکرێت لە کۆمەڵگادا ڕاستەوخۆ تاکەکان هزریان بۆ توندتیژی جەستەیی دەچێت، بەڵام بەداخەوە دیاردەی توندوتیژی هێندە فراوانە لە جۆرو شێوەدا تەنها خۆی لە توندوتیژەی جەستەیی کۆناکاتەوە، ئەو توندوتیژیەی کە لەناو ئۆتۆمبێلی تەکسیدا بەرامبەر بەمن کراوە لە شێوەی گوتن بووە یان پێداگیری زۆر کردن لەسەر هەندێك لە بابەتەکان کەلەسەر بنەمای یەك لایەنەی شۆفێرەکە بووە کە بیگومان ئەوەش دەچێتە قاڵبی توندوتیژی ) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2 - هۆشیاری کۆمەڵایەتی

لە قۆناغی پێشکەوتنی دیموکراسیەتدا تاکە پێشەنگ و ڕۆڵگێر ژنە، وەلەتەوەری ئەمەشدا هۆشیاری پەرەدەسێنێت(عارف،2012،ل19 )کەواتە هۆشیاری کۆمەڵایەتی بابەتێکی زۆر هەستیارو گرنگە هەربۆیە واپێویست دەکات کاتێ باسی هۆشیاری دەکرێت دەبێت بگەڕێنەوەبۆ سەردەمانێکی زوو لە پەروەردەی خێزان و پەروەردەی قوتابخانە- ژینگەی کۆمەڵایەتی گەورە کە هەریەکە لەم بابەتانەی سەرەوە ڕاستەوخۆ تاك ئاراستە دەکەن بەرەو ئەرێنی کردنی یان نەرێنی کردنی لەڕووی ئاستی هۆشیاریەوە بۆیە دەکرێ بووترێ کە هۆشیاری چەمکێکی لە مێژینەیە بەڵام بە پراکتیك کردنی تا ئێستا کەمێك سستە، هەربۆیەش ئاستی هۆشیاری ژن ڕاستەوخۆ پەیوەندنی بەجۆری کۆمەڵگاوە هەیە کێشەکەش لەوەدایە ئەو تێڕاونینە نێگەتیڤانەی کەسەبارەت بەژن هەیە تایبەت نین بەپیاوان، بەڵکو ژنان خۆیان ئەم تێڕوانینە بەناوەکی دەکەن ( internalize ) بەووتەی (سیمۆن دو بڤوار) بەچاوی پیاوانەوە خۆیان دەبینن ( هەردی ،2012،ل203 ) . وە لە ڕاستیشدا لەبنەڕەتدا دووجۆر هۆشیاری بوونی هەیە یەکێکیان هۆشیاری ( خودیە ) لە تاکەکاندا کە ئەمە پەیوەندی بە بابەتی بۆ ماوەیی بوونەوە هەیە واتا جۆری جیینات و خانە و کرۆمۆسۆنەکان کاریگەری گەورەیان هەیە لە بونیادنانی تاك یان ئافرەت وە جۆری دووەمیان ( هۆشیاری بەدەست هێنراو ) لە چوارچێوەی جۆری پێگەیاندن و پەروەردە بەدەست دەهێنرێت و لەم کاتەوە تاك کاریگەرە بە جۆری پەروەردەو تێگەیاندن و ڕاهێنان، هەردووکیان بەیەکەوەش زۆر گرنگن بەتایبەت لە ئافرەتدا ڕەنگ بداتەوەو پڕاکتیزا بکرێت،ووتەیەکیش هەیە زوو زوو بەکاردەهێنرێت ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕەهەندەی کەژن خاوەنیەتی لە کۆمەڵگاکەیدا باشترین پێوانیە بۆزانینی ئاستی مەدەنیەت و هۆشیاری ئەم کۆمەڵگایە(بێبڵ ، 2007،ل197).

هەربۆ ئەم مەبەستە و لەسەر بابەتی هۆشیاری کرمەڵایەتی ئافرەتێك بەم شێوەیە بۆمان دوا : من ناوم ( س . هـ ) تەمەنم 34 ساڵە مامۆستایی وانەبێژم لە قوتابخانەی ( س )ی بنەڕەتی ئەهلی تیکەڵاو لە هەفتەیەکدا 4 جار هاتووچۆ دەکەم کە دەگاتە 8 جار بەتەکسی گرتن بەڕای من هەرشەخسەك و تەبیحاتەکی هەیە، وەڵا هەیە زۆر ڕێك و پێکە بەتووبی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەمووکات لەگەڵی هاتووچۆ بکەی، هەشە بە تووبی جارەکی دی لە ژیانت نەیبینیتەوە بەس بەڕای من چەیلەش بەدەستەکی لێ نادرێ دەبێ ئافرەتەکەش خۆی رێکوپێك بێت و هۆشیاربێت، ئەمن خەتای ئافرەتانیش دەگرم،چونکە ڕاستیەکەی دەلێم خۆناکرێ بلێین وەلا بەس خەتای سایەق تەکسیەکانە کە کێشەیەك دروست دەبێت دەبێ بزانین هەردوولا هۆکارن ئەوەتە چەندین حاڵەتی کێشەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی سێکسی هەیە لەنێوان ئافرەتێك و شۆفێرێکی تەکسی کە ڕۆژانە گوێمان لێ دەبێت کە ئەمەش ڕێژەی تەڵاق بەرزدەکاتەوە، بەڕای من دەبێ حکومەتلەناو هەموو تەکسیەك کامێرایەکی بچووکی چاودێری یان GPSدابنێت و نەوەك لاڕێی بکات سایەقی تەکسی وە دەشبێ ڕێژەیان دیاریکراوبێت .

لەڕاستیدا بەگوێرەی قسەکانی ( س . هـ ) دەردەکەوێت کەتەنها شۆفێری تەکسی خەتابار نیە لە دروستبوونی کێشمە کێشم و پەیوەندی ئەرێنی و نەرێنی لە نێوان ئافرەتی سەرنیشین و شۆفێری تەکسی، بەڵکو هۆکارەکە بۆ هەردوولایان دەگەڕێتەوە و پێ وایە کە ئەمە شتێك نیە بەپێ ڕەزامەندی هەردوولا قبووڵ بێت بەڵکو بۆ ( قسەکردن – سێکس – پەیوەندی – ئاڵوگۆڕی ژمارەی تێل .... هتد ) دەبێ هەردوولا ڕەزامەندبن هەربۆیە قسەکانی ( س . هـ ) ئاماژەیە بەوەی کێشەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی کێشەیەکی هەرە گەورەیە لە نێوان ئافرەت و شۆفێری تەکسی، هەروەها نەزانین لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتیانەو نەبوونی ئەتەکێتی ڕەفتارکردن ئەم بابەتەی هێناوەتە ئاراوە.

**هەر لەم بارەیەشەوە ئافرەتێکی تر ووتی :**

من ( س . ل )تەمەنم 36 ساڵە فەرمانبەرم لە دادگای هەولێر لەبەشی کۆمەڵایەتی، ئەگەر ئێمەی مرۆڤ واقع بین دەبێ ئەوەی ڕاستی و دروستییە ئەوە بڵێ بە حکومی کارەکەم دەزانم کە ئێستا چەندە ژیانی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە عەیب و شەرم نازانم چی و چی زۆر کەمتر بۆتەوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر، جیابوونەوەش زۆر ڕووی لە هەڵکێشان کردووە لە قۆناغی حاڵەت دەرچووە بۆتە دیاردە هۆکاری سەرەکی خیانەتکردنە، جابۆیە من بەتەنیا ناتوانم پشتگیری لە ئافرەتان بکەم لە ڕووی باشیەوە بەڵکو دەکرێ بڵێمهەر لادانێك لە نێوان ئافرەتێك و شۆفێرێکی تەکسی دا ڕووی دا هۆکارەکەی دوو لایەنە کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەردووکیان لە دروست بوونی پەیوەندی و لێك نزیك بوونەوە یان هیچ خەتای حکومەت نیە بەڵکو دەبێت خۆی بەخۆیدا بچێتەوە و هۆشیار بێت، من متمانەم بەخۆم هەیە سەدا سەد و هیچ شۆفێرێك تا ئێستا نەیتوانیوە ئیستغلالی من بکات، ڕاستی مۆدەی زیاد لە پێویست کاریگەری هەیە لەسەر پیاوان نەك شۆفێربن بەڵکو پیادەش بن حەزیان لە قسە کردنە لەگەڵ ئافرەتانی جوان و کەشخە، بەڵام خۆزگە کەمێك کۆمەڵگایەکی هۆشیار دەبووین .

لە قسەکانی ( س . ل ) دەردەکەوێت کە لە ئێستادا ژیانی کۆمەڵایەتی نێو خێزانە کوردیەکان گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە کە هەموو ئەمانە ڕێخۆشکەر بوونە بۆ ئەوەی کە شەرم و جیابوونەوە بۆتە ڕۆتین و ڕووی لە هەڵکشانکردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەبە هەڵە لەبابەتی ئازادی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی تێگەیشتوون و لایەنە نەرێنیەکانیان لەبەرچاو گرتووە هەروەها دەردەکەوێت کە هەر لادانێك کە روودەدات هەردوولا ڕێگا خرشکەرن لە دروست بوونی ئەم لادانە و حکومەت بەرپرسیار نیە، دەکرێ خودی تاکەکانبەخۆیاندا بچنەوە و هەستیارانە ترو هۆشیارانە تر بڕیار بدەن لەسەر بابەتەکان، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر تووشی شکستی کۆمەڵایەتی نەبین، وە باس لە لەوەش دەکات کە تاکی هۆشیار یان ئافرەتی هۆشیار زۆر ئەستەمە ئیستیغلال بکرێت .

**ئافرەتێکی تر بەم شێوەیە بۆمان دوا :**

من ( ژ . ل ) تەمەنم 37 ساڵە فەرمانبەرم لە کۆلێژی ( ی . ڕ ) لەشاری هەولێر نزیکەی 10 ساڵە خێزاندارم من چونکە زووتر لە پیاوەکەم دەچمەماڵەوە بۆیە بەیانیان بە ئۆتۆمبێلی خۆمان بەیەکەوە دێینە دەوام بەڵام لەچوونەوە ئەو 2 کاتژمێر دوای من تەواو ئەبێ دەوامی، بۆیە ناچارم ئەو ڕۆژانەی لەدەوامم لەچوونەوەم بەتەکسی بۆ ماڵەوە برۆمەوە دەڵێن شۆفێر هەیە زۆر سەرەڕۆیە و زیاد قسە ئەکات، بەڵام من تا ئێستا تووشی هیچ کێشەیەکی لەم جۆرە نەبوومە لەگەڵ شۆفێران، بەڵام هەیە لە ئاوێنە زۆر سەیر دەکات یان حەزی لە قسەیەمنیش تاقەتم هەبێ جوابی دەدەمەوە تاقەتیشم نەبقی بەڕاستی ئیهمالی دەکەم ئەگەر زانیم دەیەوێ دەم درێژی بکات، بەڵام هەیە موحتەرەمە و قسەکانی بەرێ و جێن و ڕێکن ڕەنگە خۆم حەزم لێبێ وەك خوشك و برایەك قسە بکەین تا دەمگەیەنێتەوە ماڵ بۆ نموونە باسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەزعی سیاسی – ئابووری – یان کۆمەڵایەتی- کۆمەڵگایەو ئیتر ئەمانە، بەڵام بەڕاستی ئاسایش لەناو ئۆتۆمبێل پارێزراو نیە دەبێ ئافرەت خۆی بزانێ چۆن هەڵسوکەوت دەکا ،واتا بەڕای من ئاستی هۆشیاری زۆر زۆر لاوازە لە هەردوولادا .

**هەروەها ئافرەتێکی تر دەڵێ :**

من (ح . د ) تەمەنم 38 ساڵە مۆمۆستام لە قوتابخانەی ( هـ )بنەڕەتی تێکەڵاو نزیکەی 7ساڵە ، قوتابخانەکەم کەمێك دوورە لەلای ماڵمان من شووم نەکردووە من و مامۆستایەکی هاوڕێم کە ئەویش شووی نەکردووە بە تەکسی ڕۆژانە هاتووچۆدەکەین، سەرێك من پارەی تەکسیەکە دەدەم سەرێکیش ئەو تەکسی دەگرێ و پارەکەی دەدات ، بەڕاستی هەموو کەس وەك یەك نیە وەك چۆن هەر پێنج پەنجەی دەستیش جیاوازن لەگەڵ یەك، هەردووکمان بەیەکەوەین لەناو تەکسیەك دا بارودۆخەکە جیاوازە زۆرینەی سایەق تەکسیەکان ناوێرن یان ناتوانن قسەی زیاد زۆر بڵێ بکەن لەگەڵمان، بەڵام هەرکە ( م. ل ) ی هاوڕێم دادەبەزێت شۆفێرەکەش تەماشاکردن و شێوازی قسەکردنی زۆر جا لەگەڵم گۆڕاوە بۆ نموونە زۆر جار پرسیاری زۆر تایبەتم لێکراوە گوتویانە شووت کردووە یان بۆ شووت نەکردووە لەگەڵ کێ دەژی لە ماڵەوە مووچەت چەندە کە ئەمانەش بەڕاستی بێزارم دەکەن، چونکە من خۆم ماندووم لەدەوام هاتوومەتەوە ئەوەندە پرسیاری زیادەش زۆر ناخۆشە، بەڵام ناشکرێ هەموو ڕۆژێك شەڕ بکەم چونکە زۆرینەی شۆفێرەکان ئاستی ڕۆشنبیریان و هۆشیاریان نزمە و قسەی زیاد دەکەن.

بەگوێرەی قسەکانی هەریەکە لەم دوو خانمە دەردەکەوێت کەوا شۆفێرانی تەکسی جیاوازن لە ئاستی ڕۆشنبیری دا وە بەشێکی زۆریان ئاستی هۆشیاریان زۆر نزمە و بەردەوام ئارەزووی قسە کردنی بێ سوود دەدەن و لە خۆیانەوە پرسیار دەکەن چۆن ئارەزوویان لێبێت ئەوە دەڵێن بەبێ گوێدانە هیچ شتێك هەروەها یەکێکیان ئاماژە بەوە دەکات کەبەبوونی ئافرەتی زۆر لەناو تەکسیەك دا هەڵوێستەکانی شۆفێری تەکسی گۆڕانی بەسەردادێت و کەمێك لەخۆیان دەگرنەوە و قسەی زیاد و پێ درێژی ناکەن، بەڵام هەر کاتێك یەك ئافرەت لەناو تەکسیەك دا هەبوو تێر بەدڵی خۆیان مامەڵە دەکەن بەبێ سانسۆر، بەڵام دەردەکەوێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەبەگشتی شۆفێران دەستپێکردن لە قسەکردن و پرسیار کردن نەك ئافرەتانی سەرنیشین بەڵکو لەناچاریان زۆر جار وەڵامیان دەدەنەوە .

**جگە لەمانەش ئافرەتێکی تر دەڵێ :**

من ناوم ( ت . ص ) تەمەنم 38 ساڵە مامۆستایی وەرزشم بە کالۆریۆسم لە وەرزش هەیە زۆر بەتەکسی هاتووچۆ دەکەم، بەڵام بەنسبەت شۆفێری تەکسی بەپێی شەخس دەگۆڕێت هەیانە خوێندەوارە و هەیانە زۆر لەمن باشترە هەیانە نەخوێندەوارەو ئاستی هۆشیاری لاوازە، ڕەنگە زۆر جارشوێنەکە نزیك بێت بواری ئەوەت نەبێت قسە بکەیت لەگەڵ شۆفێرەکە، چونکە مەوداکەی کورتە یان درێژە مەوداکەی هەردوولا حەزیان لێیە قسە بکەن کارێکی زۆر زۆر ئاسایە خۆ هەموو قسەکردنێك بەمانی ئەوە نایەت کە ئەم شۆفێرە کەسێکی خراپ بێت یان سەرنیشینەکە کەسێکی خراپ بێتهێندە دڵ پڕین بۆیە قسەی زۆر دەکەین ئەمەش مانای نزمی ئەخلاق و و بێ مستەوایی ناگەیەنێت زۆرجار خۆم حەزم کردووە قسەبکەم ئەو حەزی لێنەبووە و ئەسلەن زۆر بەکورتیش جوابی داومەتەوە، من هەر خۆم یەك تەبیحەتم هەیە کەمێك حەزم لە قسەکردنە لەگەڵ دەوروبەرم بۆیە لەناو هەر تەکسیەك لەوانەیە کۆمەڵێك قسەم کردبێ بیرم نایەتەوە چیشم گوتووە، وە بڕواشم وایە ئەوان کەسی خراپ نین، بەڵام دەبێ بزانین چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین .

بەگوێرەی قسەکانی ( ت . ص )دەردەکەوێت کە قسەکردن مەودای درێژ کورت دەکاتەوە، وە پێویستە قسە بکەین چونکە بڕین لەقسەی زۆر قسەی زۆریش مەرج نیە بەواتایی بێ ئاستی کەسەکان بێت بەڵکو خەڵك هەن خۆیان زۆر کۆمەڵایەتین و ئارەزووی قسەی زۆر دەکەن ئاماژەش بەوە دەکات کە زۆرجار ڕەنگە سەریشین خۆی ئارەزووی قسەکردن بکات لەگەڵ شۆفێر هەر خۆی سروشتی مرۆڤ بەم جۆرەیە هەندێ جار حەزی لەقسەی زۆرە، وەپێی وایە زۆر ئاسایە قسەکردن گرنگ ئەوەیە نەبێتە هۆکاری سنوور بەزاندن و بێزاری یەکتر، هەروەها ئەوەشی خستەڕوو کە پەیوەندی زۆر هەیە لە نێوان ئاستی خوێندن و هۆشیاری جا چ کەسەکە سەریشین بێت یان شۆفێر ئەگەر بە سیستەمێکیئەکادیمی و خوێندنی زۆردا تێپەڕی ئەوا لەم حاڵەتەدا هۆشیاری کۆمەڵایەتیش بەرزتر دەبێتەوە، وە بەپێچەوانەش هەر ڕاستە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژەر ( هەمیشە جۆری کلتوورو کۆمەڵگا ڕۆڵگێڕن لە دروستبوونی کەسایەتی تۆکمەو هۆشیار لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، بە کورتیەکەی وەك ئەوە وایە درەختێك چۆن بەجوانی و ڕێك و پێکی ئاو بدرێت بەروبووم و شێوەیەکی جوانتر دەبەخشێت، بەهەمان شێوەش بۆ بابەتی هۆشیاری تاك دەبێ بگەڕێینەوە بۆ جۆری بوونیادەکەی ).

### 3 -سیستەمی پەروەردە

پەروەردە گرینگترین سێکتەری ئامادەکاری مرۆڤە بۆ ئەوەی وا ڕاهێنرابێت ببێتە تاکێکی دروستی کۆمەڵگە هەرکاتێك کێشە لە پەروەردەی ئافرەتێك یان هەرتاکیکی ناو خێزان و کۆمەڵگە دا هەبوو دەبێ بگەڕێینەوە بۆ هەنگاوێکی پێشتر کە عەقڵیەتی داڕشتنی سیستەمی پەروەردەییە، چونکە لەم ڕوانگەیەوە ئافرەت ئاراستە دەکرێت بۆ مامەڵە کردن و ڕۆڵ گێران و ڕەفتار کردن،هەرلەم بارەیەوە (تۆماس ئەکوینی) دەڵێ روحی مرۆڤ بەبەردەم لەهەوڵی ئەوەدایە زانست و مەعریفەی زیاتر پەیوەست بهێنێت ئەمەش بە لەسەرخۆیی و پلە بە پلە زۆرتر دەبێت(نوری،س.پ.2012،ل55 ).بۆیە وا پێویست دەکات ئەوانەی کەدەستەی پلانی پەروەردە بین زۆر هۆشیارانەو هەستیارانەبن لەکاتی داڕشتنی پەیڕەونامە پرۆگرامی پەروەردە ساز، بۆ ئەوەی تاکی تەندروست لە ڕوانگەی پەروەردەیەکی تۆکمە و تەندروستەوە بەرهەم بهێنین بەڵام بەداخەوە دەستەواژە یەك هەیە کە زۆر جار لێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکرێت لە ژێر ناوی پەروەردە کە ئەویش ئەخلاقە خەڵکانێك هەن ووشەی پەروەردە و ئەخلاق وەك یەك چەمك و دەستەواژە بەکاردەهێنن کەلە ڕاستیدا ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە .

هەر بۆ ئەم مەبەستە چەندین ئافرەت بۆچوونی جیاواز گەلاڵە دەکەن و بەم شێوەیە بۆمان دەدوێن :

من ( ڕ . د ) تەمەنم 29 ساڵە چالاکوانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنیم هەر کاتێك خەریکی پرۆژەیەك یان چالاکیەکی کۆمەڵایەتی بین لەگەڵ ستفی ڕێکخراوەکەمان، چونکە ئۆتۆمبێلی خۆم نیە ناچارم بەتەکسی هاتووچۆ بکەم کە ڕەنگە ئەم هاتووچۆیەی من بەپێی بوونی چالاکی مانگانە بگۆڕێت جاری وا هەیە لە مانگێکدا 15 جار بە ئۆتۆمبێلی تەکسی هاتووچۆم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردووە، ڕەنگە زۆرجار تووشی کێشە بووبم لەگەڵ شۆفێری تەکسی، بەڵام ە ئێستادا هیچ شتێکی دیاریکراو لە خەیاڵم نیە بۆتانی باس بکەم، بەڵام ئەگەر لەڕووی باش و خراپیەوە شۆفێری تەکسی هەڵبسەنگێنین لەڕووی ڕەفتارو

هەڵسووکەوت و پەروەردەیانەوە من بە بۆچوونی خۆم دەڵێم 70% شۆفێری تەکسی پەروەردەی خراپن و 30%باشن و ڕێك و پێکن لە ڕەفتار من متمانەشم زۆر بەکەمی پێیان هەیە، چونکە تا ئێستا زۆر کەم ئافرەتم دیووە گلەیی نەبووبێ لە شۆفێری تەکسی ، هەموو هۆکارەکەی دەگەڕێنمەوە بۆ خراپی سیستەمی پەروەردەو فلیم و دراما دۆبلاژکراوەکانی کەناڵەکانی تیڤی و سیستەمی پەروەردەی خۆمان .

لە قەسەکانی ئەم خانمە دەردەکەوێت کە ڕێژەیەکی زۆر بەرزی شۆفێرانی تەکسی هەڵسوکەوتی نەشیاو و نادروست دەنوێنن بەرامبەر بە ئافرەتان، چونکە دەردەکەوێت کەلە مانگێك دا چەندین جا بەئۆتۆمبێلی تەکسی هاتووچۆ دەکات، ( ڕ . د )ئاماژە بەوەدەکات کە زۆر جار تووشی کێشەو ململانێ و دەمەقاڵی بوەتەوە کەڕێژەیەکی هێندە بەرزە نازانێ چۆن وچی بگێڕێتەوە ئەو دەڵێ کە 30% ڕێك و پێك و پەروەردە دروستن لەگەڵ ئافرەتان کەئەمەش ئاماژەیە بەبوونی ڕێژەیەکی زۆرکەم هەروەها لە قسەکانی دەردەکەوێ کەوا کلتوری وولاتان و دابونەریت و درامای دۆبلاژکراو زۆر کاریگەری هەیە لەسەر پەروەردەی شۆفێران و وای کردووە کەوەك پێویست ڕەفتارنەکەن .

**هەروەها ئافرەتێکی تر بەم شێوەیە دەدوێ :**

ئەمن ناوم (هـ . ف ) 38 ساڵم لەبۆ ساڵە دەچێ هاتووچۆی بەتەکسی دەکەم و ئیشەکەم کاتیبەیە لە مەکتەبەکی سەرەتایم ،خێزاندارم، وەڵا ئەگەر بەشەر بەڕاستی قسە بکات هەمووومان دەزانین کە سایەق تەکسی چ نەوعە بەشەرەکن بەخوای نە ئوسوڵنە ئحترام و نە مەعریفەیان نیە لۆێی بەمن بێ هەندەك جار بکەمە ئنجازە بەس لەترسی ئەوەی دیسان تووشی خەڵەتی شەخسەکی نەبم ناکەس ( بەچە ) و نەدیوبدی بەس لۆ چاوجێری تەکسی کرییە، بابە خۆ هەموو ژنەك وەك یەك نینە ئەمن چ ئیشم بەسایەق تەکسی هەیە بوخۆم ساحێب ماڵ و مندالم ئەگەر لۆ دەوامی نەبێ بەمن بی هەر هاتووچۆی پێ نەکەم، نە

سەلامەتیمان پارێزراوە بەکەیفی خۆیان بە سورحەت دەهاژۆن عیساب لۆ قانوون و شت ناکەن وە دەزانن هەر ئەوان هەنە سیقەم بە براو بابیشم نیە ئەگەر تەکسی باژۆن، جارەکیان تازە مێردم کردبوو گەنجەکی دەم ڕووت دەیگۆت هەر دەبێ رەقەمی خۆتم بدەیی .

ئەمنیش دەمگۆت بەچ موناسەبەکی گۆتی 2000 هەزارتم لەکن مایە لۆت دەنێرم خوردەم پێنیە گۆتم خورکەوە برۆخوارێ دەیگۆت نا گۆتم کەکە گەردەنت ئازابێ بەس هەتا لە کۆڵم بێتەوە .

لەقسەکانی (هـ . ف )دا دەردەکەوێت کەوا زۆر لەداخ لە دڵە لەبەرامبەر شۆفێرانی تەکسی، وە پێی وایە لەپاڵ کاری تەکسی شتی تر لە ئارادایە هەیە کە بریتییە لە لەچاو بە عەشقین و ئیستیغلال کردن و بێ ڕێزی بەرامبەر بە ئافرەت، ئەو ئاماژە بەوە دەکات کەوا بە هیچ شێوەیەك پەروەردەی ئەوان ڕێك و پێك و دروست نیە ئەو لە تێڕوانینی خۆی دەدەڵێت پیاوانی شۆفێری تەکسی زۆر بێ ڕێزو حورمەتن، زۆر دەترسێت لەوەی کە دووبارە تووشی کەسی ڕەوشت نزم پەروەردە لاواز بێتەوە، لە دیدی ( هـ . ف ) هەموو ژنێك وەك یەك نین بەڵكو جیاوازە لە ئافرەتێك بۆ ئافرەتێکی تر، تەنانەت ئەڵێ کەوا هێندە بێ متمانەم لە پەروەردەکردنیان تەنانەت باب و براو کەسانی نزیکیشم شۆفێری تەکسی بن بڕوام پێیان نامینێ .

**هەروەها ئافرەتێکی تریش بەم شێوەیە بۆمان دەدوێ :**

من ناوم ( ز . ك ) تەمەنم 36 ساڵە تا پۆلی 3 ناوەندیم خوێندووە کار دەکەم وەك ناونووس لە کلینك نزیکەی 2 ساڵێك دەبێ و نابێ بەڵام بە تەکسی هاتووچۆ دەکەم چونکە ڕۆژی 5 شەمانم ئۆفە ئیتر یەك نەفەریشم هیچ تەکسیەك نیە بە سابتی هاتووچۆ بەمن بکات، ئەڵێن پارەکەی کەمە و بۆیەك نەفەر بۆمان دەرناهێنێ ناچارم هەربەتەکسی هاتووچۆ بکەم بۆ سەرکارەکەم ، چونکە ماڵەوەمان ناتوانن هاتووچۆ بەمن بکەن هەر کەسێك و کارێکی خۆی هەیە بۆیە من و خوشکێکم بۆ سەرکارەکەی خۆی هەر بەتەکسی دێین و دەچین، بابەتەکەم زۆر بەدڵە چونکە بەڕاستی سایەق تەکسی بوونەتە کێشە لەبەردەم ئافرەتان لە کاتی هاتووچۆکردنیان بۆ سەر کارەکانیان بە ڕاستی زۆر بێزارکەرن من خۆم ژانەسك دەمگرێ کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەست هەڵدەبڕم لەتەکسی دەڵێم خوایە ئەبێ جۆرە مرۆڤێك بێت تووشی من بێ خوایە مرۆڤێکی خواناس و بەدین و بە ئەخلاق بێ بێزارم نەکات تادەگەمە جێگای خۆم هەر بەسەلاوات بەبێ قسەکردن لەگەڵیان بەخوا لەم زورفە نازانم بۆ ئاوا گۆڕاوە ئەم خەڵکە بۆ ئاوای لێهاتووە شەرت بێ هەموو بە هۆی نەبوونی خۆشەویستیە توخوا خۆ

ئەگەر تۆزقاڵێك ڕەحمی خوا لەدڵیان بێت چۆن ئاوا بەسەر ژن دێنن، بۆ بێزاریان دەکەن من زۆرخەفەت دەخۆم کە تووشی سایەقی بێ ئەخلاق و زۆر بێز دەبم بەس بەخوا نە حکومەت یاسایەك دادەنێ بەیاسا بچێ نە دەزگایەکی ئاسایش وەك پێویست ئیش وکاری خۆیان بە چاکی دەکەن من خۆممتمانەم لەخۆم زیاتر بە هیچ کەسێکی تر نیە چونکە زۆر هاتووچۆم بە تەکسی کردووە بۆیە هیچ کەسێ وەك من نایان ناسێ چ جۆرە مرۆڤێکن ، جا خۆزگە بەهاوڵاتیانی خۆمانەبوەستن ئازاری بیانیەکانیش دەدەن و دەست درێژی دەکەنە سەریان خۆم بینیومە بەداخەوە پەروەردە سفرە لێرە .

**هەروەها ئافرەتێکی تر بەم شێوەیە بۆمان دەدوێ :**

من ناوم ( پ . د ) 39 ساڵم تا پۆلی شەشی ئامادەییم خوێندووە، بەڵام وازم هێناوە لەبەر زرووفی کۆمەڵایەتی و ئابووری، من زۆر لە مێژە فەرمانبەرم لە نە خۆشخانەی فریاکەوتنی ( ڕ . هـ ) لە هەفتەیەکدا لەوانەیە بگاتە 4-5 جار هاتووچۆ کردنم بە تەکسی، بەڵام هەتا ئێستاش هەچ تووشی کێشە نەبوومەتەوە، زۆر کەسانی رێك و پێکن و بەئەخلاقن، من هیچ گاەییم لێیان نیە هیوای ساغ و سەلامەتیان بۆ دەخوازم وەڵا متمانەش پێان هەیە هەموو جارێ سواری تەکسی بوومە هەر وەکو خوشك و برا وابووینە تا گەیاندوومەتیە شوێنی مەبەست بۆ لە خۆمەوە بڵێم خراپن، لەگەڵ من هیچ جا مەوقیفی ناشیرن ڕووی نەداوە، زۆرجاریش ئەشیاو و کەل و پەلی قورسم پێ بووە هەڵیان گرتووە بۆم و هاوکاریمیان کردووە هەمووی پەروەردەی باش و کوری چاکن .

لە قسەکانی هەر یەك لەم دوو خانمە دەردەکەوێت کەوا دوو گۆشە نیگای جیاواز هەیە بۆ شۆفێری تەکسی لەکاتێکدا ( ز. ك )بە پێچەوانەوە دەڕوانێ و ئەو دەڵێ کەوا زۆر لە پەروەردەیان ڕازیمە و هیچ گلەییەکی لە هیچ یەك لە شۆفێرانی تەکسی نیە و تەنانەت

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆرجار یارمەتی دەرن بۆ ئافرەت و هاوکارن لەکاتی هەڵگرتن و دابەزاندنی شت و مەك، ( پ . د ) ئاماژە بەوە دەكات كەوا ئەوان كەسانی رێك و پێكن شایەنی رێز گرتنی زیاترن هیچ كات نەبوونەتە كێشە لەبەردەم ئەم خانمە، بەڵام لە قسەكانی ( ز . ك) دەركەوتووە كەوا شۆفێرانی تەكسی بەگشتی خوا نەناسن و ئاستیپەروەردەییان سفرە و زۆر بێزاركەرن بۆ ئافرەتان و نەیانتوانیوە وەك پێویست رێز لە ئافرەت بگرن چونكە پەروەردەیان وەك پێویست نیە .

**ئافرەتێکی تر بەم شێوەیە بۆمان دەدوێ:**

من ناوم ( ئ . هـ ) تەمەنم 35 ساڵە مامۆستای رەوزەم، زۆر هاتووچۆم كردووە بە تەكسی و ئێستاشی لەگەڵ بێت هاتووچۆ دەكەم ، هەندێ پرسیارم لێ كراوە لە خەیاڵیشم دانەبووە، یان سەیرم پێ هاتووە، بەڵام خۆناشبێت بیكەینە كێشە، زۆرجار وەڵامم داوەتەوە زۆر بەرێزەوە بۆ ئەوەی كە ئەو تورەبێ و ئەمنیش دڵم تەنگ ببێت و دواتر بیری لێبكەمەوە، بەڵام بەشتی شۆفێرانی تەكسی لە كوردستان زۆر حەزیان لە قسە كردنە، وە بەتایبەتی ئەگەر سەر نشینەكە ئافرەت بوو، بەرای ئەوان بێت هەر نەیرێنەوە، من كێشەم لەگەڵیان نیە چونكە دەزانم هەموویان رەوشتیان وەكو یەكە ئیتر لەگەڵ جەوەكە راهاتووم چی بكەم، بەڵام وەڵا جارێك مۆبایلم لەناو تەكسی بیرچوو ئەشیای زۆرم لەگەڵ خۆم لەبازارەوە هێنابوو، ئیتر موبایلەكەم لەسەر كوشینی سەیارەكە لەبیر كرد بەخوا هەر تەقریبەن ( 15 ) خولەكێكی پێ چوو لەدەرگای ماڵەوە درابینیم سایەقی تەكسیەكەیە مۆبایلی بۆ هێنامەوە زۆر زۆر دڵم خۆش بوو كە لەدەرگا درا، ئەوكات چوومە ژوورەوە و گوتم هەموو كەسێك وەك یەك نیە، كە ئەم هەڵوێستە جوانەم بینی، چونكە زۆر خەمم بوو كە پێش ئەوەی مۆبایلەكەم بۆ بهێنێتەوە دەترسام، متمانەم پێیان هەیە لەبەر ئەوەی خۆ هەموویان وەكو یەك خراپ نینە، هەندێكیشیان بەڵی بە هیچ شێوەیەك متمانەم پێیان نیە بەڵام ئەوانەی جێگای متمانەش نین رێژەیان گەلێك زۆر نیە وابزانم .

لە قسەكانی ( ئ . هـ )دەردەكەوێت كەوا هەموو شۆفێرێكی تەكسی وەك یەك نین لەرووی پەروەردەوە،چونكە تیایاندا هەیە زۆر بەرێزو خاوەن پەروەردەیەكی گونجاو باشە، بەڵام بەداخەوە تیایاندا هەیە پەروەردەی نا تەندروستە، بە لام هاوسەنگ راگرتنی لایەنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەروونی و کۆمەڵایەتی لە قسەکانی ئەم ئافرەتە دەردەکەوێت کەوا پێدەچێت زۆر گرنگی بەم لایەنە بدات لە پێناوە ئەوەی کە کوێشەی بۆ دروست نەبێ و ئاماژەش دەکات کەوا ناچارە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەم کولتورەی شۆفێرانی تەکسی، چونکە پێی وایە هەمووی وەك یەکن جا پێویست بە کێشەو دەمەقاڵێ ناکات لەگەڵیان.

توێژەر ( بەبۆچوونی من زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان هۆکاری یەکەمینیان جۆری سیستەمی پەروەردەکردنە، هەربۆیە ئەم دیاردەیە بێبەری نییە لەوەی کە بەرشکستی سیستەمی پەروەردە نەکەوتبێت، چونکە ئەگەر بێت و سیستەمێکی پەروەردەیی گونجاو لەگەڵ واقعە کۆمەڵایەتیەکان دابرێژرێت ئەوا دۆخە کۆمەڵایەتیەکانیش هاوشێوەی ئەمرۆ وێرانە نابن ) .

### 4. ناچاری و کەم دەرامەتی

هەژارو کەم دەرامەتی شانسی ژیانی زۆر لەژنانی سنوردار کردووە، هەژاری هەم هۆکارە هەم بەرئەنجامی توندوتیژیە دژی ژنان( رێکخراوی لێبوردەی نێودەوڵەتی،2009،ل73 ). هەرکاتێکیش ئافرەت خاوەن داهاتی تایبەت بەخۆی بوو لەڕووی ماددیەوە هەست بەتواناو بووەوری زیاتر دەکات، وەبەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە(( oj al an,2010,p122.زۆرجار مرۆڤ کە ناچارو کەم دەرامەت دەبێت هەوڵدەدات ڕێگا چارەیەك بدۆزێتەوە بۆ دەرچوون و ڕزگاربوون لەم دۆخە جابە هەرهۆیەك بێت بۆ ئەم مەبەستەش بەکارهێنانی تەکسی یەکێکە لە هۆکارەکانی گەیاندنی ئافرەتان بۆ سەرکارەکانیان جا زۆرجار هاتووچۆ کردن بەتەکسی لە نێوان ناچاری و کەمدەرامەتیداخول دەخواتەوە، چونکە ڕەنگە بەشێکی زۆر لە ئافرەتان بە وویستی خۆیان نەبێ کە هاتووچۆ بە تەکسی بکەن،هەروەها هەژاری کۆمەڵێك بەرئەنجام ڕەنگدانەوەی خراپی بەدواوەیە کەگرفت بۆتاك دروست دەکات لەچوارچێوەی ژیانیدا ( قەرەداغی،2008،ل129 ) بەڵام ناچارن و هیچ ڕێگا چارەی تر نادۆزنەوە هاتووچۆی پێ بکەن بۆیە پێیان وایە ئەمە بەدیلێکی باشە بۆ هاتووچۆ پێکردنیان،تاوەکو کۆتایی بە کێشەی کلتوری و ئابووری نەیێت، کۆتایی بەکێشەکانی ژن نایەت( احمد، 2005،ل27 ).هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئەم ئافرەتانە بەم شێوەیە بۆمان دەدوێن :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمن ناوم ( هـ . ن )ە تەمەن 33 ساڵە لە شەریکەی ئاوی تەماتەی ئیش دەکەم دەوامەکەشم لە هەفتەیەکدا 3 ڕۆژە بۆیە زۆربەی ڕۆژەکان بەتەکسی هاتووچۆ دەکەم حەزم لێ بووە تەکسیەك هەبێ لۆهەموو ڕۆژەکان بۆ چوونە دەوام بەس هەر بەکێم دەگۆت دەیانگۆت لۆمان دەرنایینی بب یەك نەفەری بێین و بچین، هەر کوەك بێ ئەمن ئیشی خۆم دەکەم بەس وەڵا هەرجارەو بە تەکسیەکی هاتووچۆ دەکەم خۆ دەزانم هیچ سایەقێك لە سایەقەکانی تر باشتر نیە بەس چ بکەم ناچارم ئیشیکی نەکەم زروفمان باش نیە ئەمن و بابم دەبێ ماڵێمان بەڕێوەببەین ئێ بابیشم خانەنشینە بەخۆشت دەزانی مووچەی خانەنشینی کوە، وەڵا حاڵمان ئەندە شڕە نەبیتەوە هەندەك جار قەرداریش دەبمەوە لەسەر مووچەکەم، زۆر حەزم لێیە سەیارەی خۆمم هەبێ بەس ئاخ نەبوونی...! وەڵا هەتا بڕی چاو عیزن سایەق تەکسی هەر چ بکەن کێبەکێیە ...

لەقسەکانی ئەم خانمە وا دەردەکەوێت کە ئارەزوویەکی زۆری هەیە لەوەی کە ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی تایبەتی خۆی هەبێت بەڵام بەهۆی کەم دەرامەتیەوە بۆی هەڵناسوڕێ، بۆیە بەو پەڕی ناچارییەوە لەگەڵ شۆفێرانی تەکسی هاتووچۆ دەکات ئاماژە بە گوزەران و نەبوونی پارەوپول دەکات و وادەردەکەوێتکە بژێوی ژیان ڕێگە نادات مرۆڤ بەتایبەتی ئافرەت وەك پێویست چێژ لە سیستەمی هاتووچۆ کردن وەربگرێت .

**هەروەها ئافرەتێکی تریش بەم شێوەیە بۆمان دەدوێ :**

ئەمن ناوم ( پ . م )ە تەمەنم 22 ساڵە شووم نەکردووە و 3 ساڵە لە مۆڵێك سیکیوریتم من ڕۆژانە بەتەکسی هاتووچۆ دەکەم جگە لە یەك شەمە و دووشەمە لە نەچوونم بۆ دەوامی مۆڵ لەگەڵ برایەکم دەچم چونکە لەسەر ڕێگای ئەوم، نازانم چی بڵێم ئەوەندەی من بیزانم هەرچەندە جارێ زۆر بچووکیشم بەڵام وەك دایکیشم دەیگووت ژن بوون لەم هەرێمە زۆر سەختە بەڕاستی تەسحیەی ئەوی نایشارمەوە لەبەر ئەوەی گووتت ناوت ناهێنم و ناونیشان ناڵێم من ڕۆژانە لەناو شەڕم لەگەڵ ئۆفێرە تەکسیەکان بە تایبەت کە بەجلی سیکیوریتی دەمان بینن گاڵتەمان پێدەکەن، من هیچ متمانەم پێیان نیە خۆ ئەگەر گوزەرانمان باش بوایە هیچ حەزم لەم ئیشە نیە ،بەڵام ئەی بەچی بژین، شۆفێری تەکسی دەڵێ هیچ ژنیان نەدیوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆر عەشایرو سەیرن منیش کەی لە شوێنێکی باش دامەزرام ئەوکات پارەکی باش هەبێ مەشروعێك دەکەم یەکەم ئیشم سەیارە کڕین دەبێ لە کۆڵ تەکسی دەبمەوە، بەڵام ئێستا ناچارم چی بکەم .

لەقسەکانی ( پ . م )دا دەردەکەوێت کە زۆر نارەزایی هەیە لە شۆفێرانی تەکسی بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها دەردەکەوێت کە کاتێکی زۆر بەتەکسی هاتووچۆ دەکات جگە لەوەش دەردەکەوێت کەبوونی ئافرەت بە کائینێکی یان دروست کراوێکی دەردەدارو وەسف دەکات و پێوایە ئەوەی ئافرەت بێت دەبێ خاوەنی دڵێکی گەورەو نەچەماوە بێت بەرامبەر سەختیەکان، هەروەها دەردەکەوێت کە ناچارە بۆیە تەکسی بەکاردەهێنێ خۆ ئەگەر بژێوی ژیان و دەرامەتیان باش بوایە ئەوا ئارەزووی ئۆتۆمبێلی تایبەتی هەبوو.

**هەروەها ئافرەتێکی تریش بەم شێوەیە دوا :**

ئەمن ناوم ( س . د ) تەمەن 32 ساڵە لەبەر ئەوەی کەزوو شووم کرد لەسەفی چواری ئامادەیم وازم لە خێندن هێنا، چونکە بوومە ساحێب منداڵ ئەوەبوو نەم توانی بەردەوام بم لە خوێندنەکەم، ئەمن نزیکەی هەفتەی سێ جار بە تەکسی هاتووچۆ دەکەم، دەچمە ماڵی بابم و دێمەوە چونکە پیاوەکەم لە ئاسایش دەوام دەکا ئەو جارەی خەفەر بێ بەخۆم و بە منداڵان دەچینەوە ماڵی بابم، چونکە ناوێرم بمێنمەوە بەشەو وەڵا کێشەی وەها نیە لەگەڵ سایەق تەکسیەکان بەس هەیە زۆر قسە دەکاتن و حەزی لە پرسیارە ئێ مرۆڤیش هەموو دەم تاقەتی قسەی نیە دەبینی قەلبت تەواو نیە یان سەرت دێشێ، بەس بەخوا هەڵناگرێ مرۆڤ ڕاستی بلێ هەتا ئێستا هیچ تووشی شتی ناخۆش نەبوویمە چونکە خۆ بەتەنێ نیمە منداڵم لەگەر من کوڕی گەورەم 10 ساڵ دەبێ لەهەموو شتەکی تێدەگاتن، بەس وەڵا ئینسان ئەگەر مەجبوور نەبێ هیچ حەزم لە هاتووچۆی نیە بەتەکسی بەسناعیلاجم چ بکەم هەتا سەیارەکی دەکڕین لۆخۆمان لەکۆڵ ئەو حاڵەی دەبینەوە، وەڵا بەنزبەت سیقەی سیقەم پێیان نیە بە هیچ یەکێکیان چونکە زۆر کێشە ڕووی داوە لە بەینی سایەق تەکسی و ژنان بەس ئەمن ئەگەر منداڵم لەگەڵ نەبێ هەر سواری تەکسی نابم، قابیلە خۆ بەمنداڵەوە کابرا کێوەمان دەبات ، بەدەم پێکەنینەوە ئەم قسەیەی کرد ، وەڵا ئاسایش باشە ئیشی خۆیان دەکەن بەس خۆ نایەن

لەناو تەکسیەکانیش ئاگایان لەوخەڵکە بێ ئێستاش ئەوەندە تەکسی زۆر بوونە دنیای پڕ کردییە.

لەقسەکانی ئەم خانمەدا وا دەردەکەوێت کە متمانەیەکی وەها زۆر بە شۆفێرانی تەکسی نیە بەڵام تا ئێستا تووشی هیچ حاڵەتێکی نادروست نەبۆتەوە، چونکە پێوایە کەمنداڵ هێزێکی پاراستنی باشە بۆ ئەوەی کەڕووبەڕووی هەڵوێستی نەشیاو نەبێتەوە لەگەڵ شۆفێرانی تەکسی، هەرچۆنێك بێت وا دەردەکەوێت کە خۆی دەگەیەنێتە شوێنی مەبەست، هەروەهالەبەر ئەوەی کە باری داراییان وەك پێویست نیە ناچارە تا بارودۆخەکەیان باش ئەبێ تەکسی وەکو جێگرەوەی ئۆتۆمبێلی تایبەتی بەکاربهێنێت .

### 5. جۆری کۆمەڵگا

ڕۆژهەڵاتیەکان نایانەوێ دەرگاکانی خۆیان بکەنەوە، وەنایانەوێ دۆگمای ڕۆژهەڵاتی بشکێنن و کلتور لەدەست بدەن ( قادر،2002،ل 62 ).هەروەها ژنان ئەگەر لە ڕۆژهەلات بن یان لەڕۆژئاوا کێشەی تایبەت بەخۆیانهەیە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە زیاتر لەیەك ڕۆڵ دەگێڕن (نوری،2013،ل30) وەك هەمیشە جۆری کۆمەڵگا و ژینگەی پێکەوەیی کاریگەری گەورەی لەسەر بونیادی کەسایەتیەوە هەیە هەر لەچۆنیەتی مومارەسە کردنی کلتورو داب و نەریت ئەمەش لە کاتێك دایە بەر لەدایك بوونی بڕیار لەسەر کۆمەڵێك چوارچێوەی کلتوری داوە بۆ ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەت لە کۆمەڵگای کوردیدا واتا ناکرێت وەك ئەوەی کەخۆت دەتەوێ بژیت بەڵکو لە چوارچێوەی ئەو پەیڕەونامەیدا دەبێت ژیان بکەی کە ئامادەکراوە و ژنانی تر لەسەری ڕۆیشتوون جا گەر نەرێنی بێت یان ئەرێنی بێت،لەسایەی سیستەمی باوك سالاری دا ژن و پیاو لە کوردستاندا دەژین و ژیانیان لە پەروەردەیەکی باوك سالارانە گۆش دەکەن کەئەمەش ئازادیەکی سنورداری بۆ ژن بوون تێدایە (عبدالله،2005، ل26 ).کۆمەڵێك سیمبول و وەسفی زیادەڕۆ لەسەر بابەتەکانی وەسف کردنی ئافرەتی قەدر گران و پایەدار هاتۆتە گوتن بەشێوەی پەندی پێشینان کە ئێستاش ڕەنگدانەوەی لە هزری بەشیکی زۆر لەتاکەکاندا جێ ماوە ئەمەش لە کاتێکدایە ( شەرم – ترس – عەیب – وابکە و وامەکە- وامەڵێ – وابڵێ ) بۆتە بەشێك لە ڕێسا کلتووریەکانی ژن بوون لەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کلتورەدا،هەربۆیەش ئەو ژنانەی کە گۆڕانکاری ئیجابی دەکەن لەکۆمەڵگادا ئەوا هەمووو ژیانیان تەرخان کردووە لە پێناو پرسە زیندووەکان ( پەتی وباجەلانی،2012،ل33 ) .

خۆ ئەگەر لادانێك لەم بابەتانەی سەرەوە ڕوودات ئەوە بە کەسێکی لادەر و سەرەڕۆ لەقەڵەم دەدرێت لە کەمەڵگادا هەموو ئەمانە وایان لە ئافرەت کردووە نەتوانن وەك پێویست خاوەن ماف و داواکاری بن نەشزانن هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بە جاهیلی بوونی ئافرەت واتای چیە، ئەوەی جێگای پرسیاری گەورەیە ئافرەتانی کوردی پیرۆزییەکانی کلتوری لە یاد نەکردووە بەڵام وەك دەردەکەوێت هەمیشە نوێخوازو ئارەزووی ئەبدەیت دەکات بەڵام زۆرجار قبووڵ نیە لەدیدی توند گرتوانی کلتوری کۆن .

تویژەر ( جۆری کۆمەڵگا ڕاستەخۆ پەیوەندی هەیە لە پەروەردەکردن و بوونیادی کەسەکان، هەر کەسێك لە هەر کۆمەڵگایەك گەورەبووبێ هەڵگری داب ونەریت و مورکێکی کلتووری ئەو کۆمەڵگایە دەبێت، بەهەمان شێوەش بۆ کۆمەڵگای کوردی کە بەشێکی زۆری تاکەکانی هەڵگری کلتوورێکی نەرێتین ) .

## 6. لێخوڕینی تەکسی لەنێوان پێویستی و ئارەزوو کردن :

تەکسی لە ئێستادا ڕێژەی تەکسی و شۆفێرانی ڕووی لەزیادبوونێکی بێ سنوور کردووە ئەمەش لەکاتێکدایە بەشێکی زۆری پیاوان لەپاڵ هەرکارێکی حکومی بێ یان ئەهلی ئەوکاتەی بەدەستیەوە دەمێنێت کاری لێخوڕینی تەکسی دەکەن، زۆر جا ئافرەتان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشێکی زۆر لە پیاوان لە پێناوی بژێوی ژیان و پێویستیدا بەکاری ناهێنن، بەڵکو لە پێناو ئارەزووە تایبەتیەکانی خۆیاندا بەکاری دەهێنێت وەلە بەرامبەریشدا بۆ ئەوەی کە دەست درێژی و پەیوەندی قسەی زۆر بکەن لەگەڵ ئافرەتان و داوای ژمارەیان لێ بکەن بەکاری دەهێنن، تاوەکو لەم ڕوانگەیەوە بتوانن کۆنترۆڵی ئافرەت بکەن بۆ خوودی خۆیان و سەرەڕای ئەوەش زۆربەی ئەوانەی شۆفێری تەکسین خێزاندارن و منداڵیان هەیە ئینجاش بەدوای ئافرەتانی ترەوەن نەك بژێوی ژیان و پارەو پول .

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژەر ( رۆژێکیان بەدوو منداڵەوە دەستم هەڵبڕی لە تەکسیەك سەرپۆشم کردبوو تا گەیشتین شۆفێری تەکسیەکە بەردەوامی قسەی دەکرد باس و خواسی دونیای هێنا ئاراوەو بەبەردەوامی گۆرانی هەڵپەرکێی دەنگ بەرزی هەڵدەکرد و قسەو گاڵتەو گەپی لەگەڵ منداڵەکانم دەکرد، ووتی من دەرچووی کۆلێژم فەرمانبەریشم هەربۆخۆشی ئەو تەکسیەم کڕیووە حەزم لەم ئیشەیە زۆر.

7. **سەرنجدان و زۆر قسە کردن** :

دەردەکەوێت کەبەشێکی زۆری ئەو خانمانەی کە تەکسی وەکو ئامرازی گواستنەوەی گشتی بەکاردەهێنن نیگەرانن بەدەست ئەو شۆفێرانەی کە هاتووچۆیان لەگەڵدا دەکەن بەهۆی ئەوەی کە لە نێوئۆتۆمبێلدا بە شێوەیەکی بەردەوام یان زۆر لەسەر یەك سەیریان دە کەن، کە ئەمەش بۆتە جێگای نیگەرانی و هەست کردن بە بێزاری لای خانمانی سەرنشین، جگەلەوەش بەشێکی تری شۆفێرانی تەکسی هێندە زۆر پرسیارو قسە دەکەن کەخانمان نارەزایی دەردەبڕن لەبەرامبەردا وە هەست بە نا ئارامی دەروونی و نیگەرانی دەکەن.

یەکێك بەناوی ( ڕ . ت ) دەڵێ : هەرکاتێك کەبەتەکسی هاتووچۆم کردبێ زۆر دوودڵ و دڵتەنگ بوومە لە قسەکانیان چونکە بەراستی زۆر بە مەوزووحن وە زۆر قسە دەکەن هەر نابڕێنەوە. جگە لەوەش خانمێکی تر بەناوی ( ز. ك ) گوتی : هەر کاتێك بە تەکسی هاتووچۆم کردبێت ژانەسەرو سك دەمگرێ زۆر قسە دەکەن زۆر، وەزۆر تەماشادەکەن تاوای لێدێ لە خۆت بێزار ببی لەناچاریان نەبێت هەر هاتووچۆناکەم بەتەکسی. توێژەر( رۆژێکیان دەستم هەڵبڕی لە تەکسیەك گوتم کاکەکیان تا گەڕەکی ( ك ) بمگەیەنە، ووتی فەرموو خوشکی من سەرکەوتم رۆیشتین وردە وردە بینیم زۆر تەماشام دەکات لە خۆیەوە پرسیاری تایبەتیم لێدەکات و منیش وەڵامم دایەوە ووتم بزانم تا کوێ دەروات تا وای لێهات گووتی پارە مەدە کەی رۆیشتیتەوە خۆم دێم بەدواتا یان هەر چاوەڕێت دەکەم تا ئەوکاتەی دەگەڕێیتەوە، ئەو رۆژە بە جلێکی مۆدە و بێ سەرپۆش و بەتەنیا چووم تا بە حاڵە حاڵ وام کردووە بڕوا و وازم لێبێنێت ، سەد بیانووم بۆ هێناوەتەوە ) .

8. **ژمارەی تەلەفۆن** :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکێکی تر لە دیاردە باوەکان داواوکردنی ژمارەی تەلەفۆنە لەلایەن شۆفێرانی تەکسی وەك بەشێکی زۆری خانمان ئاماژەیان پێکردووە، کە بۆتە جێگای نیگەرانی هەستکردن بەبێزاری بەشێك لە ئافرەتان دەڵێن هەرکاتێك ئافرەتێك کەمێك گرنگی بەخۆی بدات وە بەتەکسی هاتووچۆی کرد شەفێرانی تەکسی وادەزانن لەبەر ئەوان خۆی جوان کردووە تاکو داوای ژمارە تەلەفۆنی لێبکەن، هەر لەم بارەیەوە ئافرەتێك بەناوی ( ه . ف ) گووتی : جارێکیان شۆفێری تەکسیەك وازی لێ نەدەهێنام دەیگوت هەردەبێ ژمارەکەی خۆتم بۆ جێبهێڵی چونکە باقی پارەکەی لانەبوو دەیگووت بالانست بۆ داخڵ دەکەم، دەیویست بەفێڵی بەلانس داخل کردن ژمارەکەمی دەست بکەوێت، خۆم هەستم پێکرد. هەروەها ئافرەتێکی تریش بەناوی ( ی . ه ) گووتی : زۆرجار داوام لێدەکەن ژمارەی خۆم جێبهێڵم ئاوێنەی دەسورێنن ژمارەی خۆیان لێدایە لەسەری، بەڵام زۆر بێ تاقەت دەبم باوەڕبکە ئەگەر ناچارنەبم هەر بە تەکسیش هاتووچۆی ناکەم. توێژەر ( ڕۆژێکیان بۆ دڵنیابوونەوەم لەدۆخی ئەم دیاردەیە هەوڵم دا بەکۆمەڵێك تەکسی هاتووچۆ بکەم، بۆم دەرکەوت کە بەڵێ وایە ئەمە بۆتە دیاردەیەکی زۆر باو لە قۆناغی حاڵەتدا دەرچووە، هەربۆنموونە هەمان ڕۆژ بە تەکسیەك هاتمەوە پیاوێکی ریشنی بەتەمەن شۆفێری تەکسی بوو دەستم هەڵبڕی ووتم کاکە تا گەرەکی ( ش ) بێزەحمەت بمبە، ئیتر ڕۆیشتین وردە وردە کەوتە قسە کردن ووتە ئەمڕۆ زۆر گەرم بوو زۆر تۆش وەکو من گەرماتە؟ منیش ووتم هەر خۆی بە عام جەوەکەی گەرمە مامە گیان، ووتی چی؟ بەمن مەڵی مامە بەخوا هەر لەوەتەی سەرکەوتوویتە ناو ئەو تەکسیە دڵم زۆر بەخێرایی لێدەدات کەوتیتە دڵمەوە ماشاء الله قەت وام بەسەر نەهاتووە، دەتوانم ژمارەکەت لێوەر بگرم بەخوا مەترسە زۆر جێگای سیقەمە نازانم چی و چی ، پیاوەکە کەوتە مەدح و سەنای خۆیەوە منیش ووتم مامە ئەتۆ لەتەمەنی باوکمی چۆن ئەو جۆرە قسانە دەکەی ووتی ئەوجا خۆ قابیلە چیە حومر خۆشەویستی نازانێی ئەوە درە در ئەتوو دەرێ درت مردیە! )

### ئەنجامی توێژینەوەکە:

تاوتوێکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بە ئەنجامەکانیەوە بەم شێوەیە دەردەکەوێت :

1. بەشێکی زۆری ئەم خانمانەی کەوەکو سەرنشین بە ئۆتۆمبێلە تەکسیەکان هاتووچۆ دەکەن نیگەرانن،هەست بەبێزاری زۆر دەکەن لەبارەی چۆنیەتی هەڵسووکەوت کردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شۆفێرانی تەکسی تەنانەت کارگەیشتۆتە ئەوەی کە بگەنە ئەو باوەڕەی کە ئەگەر بە ناچاری نەبێت هاتووچۆ بە ئۆتۆمبێلی تەکسی ناکەن.

2. وەك دەردەکەوێت کە دەگمەنن ئەو ئافرەتانەی کە ڕووبەڕووی هەڵسوکەوتی نابەجێ نەبووبن لەگەڵ شۆفێرانی تەکسی .
3. هەریەکە لەم خانمانەی کە بەگلەیەکی زۆرەوە باسی هەڵسووکەوتی شۆفێران دەکەن هەڵگری چیرۆك گەلێکن لەبارەی دۆخی دیاردەکەوە.
4. هەروەکو دەردەکەوێت کە توندوتیژ بە هەموو جۆرو شێوەکانیەوە لەگەڵیاندا ئەنجامدراوە سەرەڕای بوونی دڵەڕاوکێ و ناجێگیری دەروونی و بێ متمانەیی لەناو تەکسیەکاندا.
5. ترسێکی زۆر خانمانی سەرنشین دادەگرێت لەناو تەکسیەکاندا، چونکە هەست بەنادڵنیایی دەکەن.
6. هەروەکو دەردەکەوێت کە ڕەوشی ئاسایشیش بەو ڕادەیە پارێزراو نیە کەوابکات ئافرەتان هەست بە متمانەو بێ ترس و کێشە هاتووچۆ بکەن بە ئۆتۆمبێلە تەکسیەکان، زۆرێك لە ئافرەتان نارەزاییان دەربڕیوە بەرامبەر بە سەرەنجدان و زۆر قسەکردن و پرسیار کردنی زۆر لە خانمان سەرەڕایی داواکردنی ژمارەی تەلەفۆن لێیان.
7. خانمان پێیان وایە کەوا هیچ پەیوەندیەك نیە لەنێوان ئافرەتی سەرپۆش یان مۆدە بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی لەلایەن شۆفێرانەوە، وە ئاماژە دەکەن بەوەی کە شۆفێرە بەتەمەنەکان هەڵسووکەوتیان نادروستترە بەبەراورد لەگەڵ شۆفێرە گەنجەکان .

**پەراوێزەکان**

ئەم چەند پەیپەرە بە شێکن لە نامەی ماستەری قوتابی * ئەڤین عبدالرحمن نورالدين * لەبەشی کۆمەڵناسی بەناونیشانی ( ئافرەت و تەکسی : تێروانینی ئافرەتان بەرامبەر شۆفێری تەکسی و ڕەفتاری شۆفێران ) توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەشاری هەولێر، بەسەر پەرشتی بەڕێز : پ.ی.د. موراد حکيم محمد ( زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر ) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

1. راسل,بیرتراند, 2013, داگیرکردنی بەختەوەری،و: فەرشید شەریفی،چ1،دەزگای موکریان، هەولێر.
2. عارف، ستارە،2012،ڕوانینێك بۆ دۆزی ژن ، چ1، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی.
3. هەردی،چۆمان،2012، سەردەمی ژن گۆڤارێکی وەرزیە تایبەت بە تیۆرو ئەدەب و هونەری ژن، ژ:1،چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
4. بێبل ، ئۆکسیت،2007،ژن و سۆشیالیزم،و:ماردین جەلال، چ1،چاپخانەی تەوار ، سلێمانی.
5. نوری, جەمال شێخ، 2012، کۆمەڵایەتی سەردەم،گۆڤارێکی وەرزیە یەکێتی نووسەرانی کورد بڵاوی دەکاتەوە،ژ:16، چاپخانەی بینایی، سلێمانی
6. رێکخراوی لێبوردەیی نێودەوڵەتی,2009,و:شاکەلی، پەری، چ1،چاپخانەی موکریان،هەولێر.
7. سەلام،مهابادجلال ،2008، ڕوانینێکی نوێ بۆ کۆمەڵگا،چ1،چاپخانەی موکریان، هەولێر.
8. احمد،ئاوات و ئەسین،هاشم و عبدوول،شاکار و محمد، رەوشت،2005، بزوتنەوەی فیمینیزم،چاپخانەی کارۆ،سلێمانی .
9. قەرەداخی، ئەکرەم، 2009، ژن و کێشەکانی، چ1، چاپخانەی تەوار، سلێمانی.
10. شێخ نوری ،جەمال،2013،کۆمەڵایەتی سەردەم، گۆڤارێکی وەرزیە، یەکێتی نووسەرانی کورد دەری دەکات،ژ:18،چاپخانەی بینایی، سلێمانی
11. قادر,سەرۆ،2002،توندوتیژی دیاردەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتیە،چ1،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
12. پەتی، عمر ابراهیم و باجەلانی،فاتمە رەشید، 2012،لەیلا قاسم،چ1،چاپخانەی ماردین ، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

13. عبدالله ، كنێر،2007،پێگەی ژن لە كۆمەڵگای كوردەواریدا ، چ1،چاپخانەی تەوار ، سلێمانی.
14. عمر,معن الخليل,2004, منهج البحث, فى علم الاجتماع,ط2, دار الشروق للنشر والتوزيع,سورية.
15. عدس,عبدالرحمن,1999,اساسيات البحث التربوي,ط2,دار الفرقان,عمان.
16. دى سويسرى, فيردينان,1985, علم اللغة العام, ت:يوئيل يوسف,ط1,دار لفاق العربية,بغداد.

17. Hookway, Nicholas, 2008, some strategies for using blogs in social research, university of Tasmania, Australia.
18. Denzin, N.K, 1978, the research act at heretical introduction to sociological methods, New York.
19. Iztok, Devetak sasa, 2010, the role of qualities research in science Education, Eurasia.
20. Ocalan, Abulla, 2010, demukratik modernity kadimdeverin. Azadi matbasi, Istanbul.

**ملخص**

الهدف الرئيسي من البحث هو عرض تلك مشكلة او الظاهرة،لمعرفة حقيقته و دوافعها و اثرها على المجتمع بصورة مباشرة،لذا حاول الباحث بوصف هذه الظاهرة و تفسيره بشكل اجتماعي و والعلمي،كما تتناول البحث اهدافا اخرى منها الاهتمام الاكثر بتلك النقط التي تم الاشارة اليه بشان المعوقات و المسببات و المشاكل التي يواجهها النساء في حالة استعمال وسائل النقل الاجرة(تاكسي)،و الاهتمام المتزايد بالوسائل النقل العامة لغرض تقليل اثار اضرار السيارات بما يخص البيئة الطبيعية و زيادة الامراض في المجتمع بشكل عام،وكذالك تقليل ظاهرة العنف امام النساء،كما ان البحث يتناول هدف اخر الا وهي تشجيع الباحثين لاجراء بحوث الاكثر دقيقة و علمية فيما تخص شؤون المراة بصورة خاصة،في الحين عندما يتعرض مجتمعنا في اونه اخيره الى اكثر تشتتا بسبب تازم اوضاعهم الاجتماعية و المعيشية.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) : ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی

## Abstract

The main goals of the research that the problem or the event to be clear and to obtain more idea about reasons, reality and effective of this event while this research tried describe the event scientifically and analyzing with the social sides, another goals of this study that to reduce some points that makes problem in front woman's as using taxi there for, gives more importance to using common transportation by woman's in their daily life so as to be safety by healthy and avoid of woman's violence that's another side of researchers goal , fur there more, recommend that the researchers do not stop….. Working continuously to do there feasible study on a relation woman's issue